

که باسی ئیدریس بارزانی دەکەین، ئامانجمان ئەوەیە چۆن جارێکی دیکە کار لەسەر ئەو فیکرە شۆڕشگێری و نیشتمانیەی ئیدریسی هەمیشە زیندوو بکەین بۆ ئەوەی ئەو فیکرە بەردەوامی هەبێت و هاوشانی گۆڕانکاریەکان مانای زیاتر بۆ ئێستاو ئایندەمانی لێ بەرهەمبهێنینەوە

سەیر کەن چۆن لنکۆڵن جارێکی دیکە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای خوێندەوەو سیستەمی کۆیلەتی پێ لەبەر یەک هەڵدەوەشاند

جۆرج واشنتۆن هەرگیز پێویستی بەوە نەبووە کە دوای مردنی جارێکی دیکە ئەبراهام لنکۆڵن بێت و سەرلەنوێ ئەو فیکرە بخوێنێتەوە کە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای پێنووسراوە

# ئیدریس بارزانی

## مێژوویەک بۆ خۆراگری و ئازایەتی و لێبوردەیی

## قوتابخانەیەک بۆ خۆشەویستی کوردستان و یەکڕیزی نێو ماڵی کورد

ئیدریسی هەمیشە زیندوو رووی لەشاخ نەکردبوو بۆئەوەی پێیداهەڵبدەین یان وتاری لەبارەوە بنووسین، نەخێر ئیدریس پێویستی بەوە نەبووە، بەڵکو ئەوە نەوەی ئێستایە جارێکی دیکە پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ فیکری ئیدریس بارزانی بخوێنێتەوە، بەڵام خوێندنەوەیەک وەک خوێندنەوەی بارزانی نەمر بۆ خانی و جەزیری، وەک خوێندنەوەی لینکۆڵن بۆ جۆرج واشنتۆن، وەک خوێندنەوەی سەرۆک بارزانی بۆ مانای بەرزی لێبوردەیی و پیکەوەژیان، وەک خوێندنەوەی ئۆباما بۆ باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئازادی ئەمریکا

«هەموو ئەو سەرۆکانەی لێرەدا سوێندیان خواردووە، هەندێکیان لە کاتی خۆشیدا و هەندێکیان لەناو گێژەلوکەو تەمومژدا هاتوون.لەم کاتانەدا ئەمریکیەکان تەنها بە فەزل و هۆشیاری و دیدوبۆچوونی ئەو کەسانە کۆنەبوونەوەو درێژە بەکاروانی خۆیان نادەن کە پۆستی بەرز وەردەگرن،بەڵکو بە فەزلی ئەو کەسانە کۆدەبنەوە و درێژە بەکاروانی خۆیان دەدەن کە دڵسۆزبوون بۆ پرانسیبی باوکانی دامەزرێنەرمان،بۆ ئەو رۆڵانەی رەتیانکردۆتەوە ئەم کاروانە کۆتایی بێت، دەبێت لێرەدا پێیان بڵێم، ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ دواوە، چاومان لە ئاسۆیە و پشت بەخوا دیاری ئازادی لەگەڵ خۆمان دێنین و رادەستی نەوەکانی داهاتووی دەکەین»

**باراک ئۆباما ٢٠٠٩/١/٢٠**





**باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا هیچ پیویستیان بەوە نیە سەرۆکی ٤٤ هەمینی ئەمریکا بریاری زستانە سەختەکانی شەڕی سەربەخۆیی بخوێنیتەوە**

**سەرۆک مسعود بارزانی ئەگەر گەوهەری لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە رێبازی بارزانی دا نەدۆزێتەوە، چۆن دەتوانێت ئەم هەموو جیاوازییە سیاسیی و ئایینی و نەتەوەییەی ئەمرۆ لە کوردستاندا هەیە لە ژێر رەشماڵی سەرۆکایەتی خۆیدا کۆبکاتەوە**

ئەگەر نەوەکانی پێش ئێمە لە قۆناخی مقاوەمەت و بەرخودانددا ئەو زەمینەیان رەخساندبێت کە شۆرشی رزگاریخوازی و سەرفرازی بۆ میللەتەکەمان بەرپابکەن، ئەوا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەوڵەکانمان یەکبخەین و شۆرشێکی روحی بەرپابکەین و بەزنجیرەیەك،رابردوو و ئێستاو ئاییندەدا پێکەوە گرێبدەینەوە، ئامانج لە پێکەوە گرێدانەوەیەی رابردوو و ئێستاوئاینده بەیەکەوە، بۆ دووبارە مانا بەخشینەوەیە بەو بەهایانەی کە ئەمرۆیان بۆ دروستکردووین و سبەی لەسەر بونیاد دەنێن، پێویستیەکە بۆ خستنەرووی پرانسیپی باوکانی دامەزرێنەری شۆرشەکانی کوردستان و ئەو سەرکردانەش کە پابەندو و دڵسۆز بوون بۆ ئەو پرانسیپانە و بۆ ئەو رێبازەی باوکانی دامەزرێنەری شۆرشەکانی کوردستان هەنگاویان بۆ هەڵگرتووە و لەرۆژانی سەختدا ئەوپرانسیپانە بوونە هەوێنی بیرکردنەوە و بەگژداچوونەوەی تەحەدیەکاندا.

رۆچوون و قوڵبوونەوە بە مێژووی خەباتی ئەو سەرکردانە بە لارێماندا دەبەن ئەگەر بەتەواوەتی ئەو باردۆخانە نەهێنینەوە بەرچاوی خۆمان و تایبەتمەندی ئەو قۆناخە و هەستیاری باردۆخەکە لەبەرچاو نەگرین، بۆیە کاتێك ئاورێك لە مێژووی کەڵە پیاوانی نەتەوەکەمان دەدەینەوە،ئامانجمان ئەوە نیە وێنایەکی رابردوو بکێشین و بەحازری پێشەکەشی نەوەکانی ئەمرۆی بکەین، نەخێر ئامانجی ئێمە لەم گەڕانەوەیە بۆ مێژوو لە پێناوی ئەوەیە چۆن ئەو فیکرەی دوێنی دروستیکردووە ئەمرۆ بە دیدێکی فراوانتر بیخوێنینەوە و ئاییندەی لەسەر بونیاد بنێن.

لێرەوە کە باسی ئیدریس بارزانی دەکەین وەك ئەلقەیەك لەو زنجیرەیەی رابردوو و ئێستا پێکەوە گرێدراوەتەوە، ئامانجمان ئەوەیە چۆن جارێکی دیکە کار لەسەر ئەو فیکرە شۆرشگێری و نیشتمانیەی ئیدریسی هەمیشە زیندوو بکەین بۆ ئەوەی ئەو فیکرە بەردەوامی هەبێت و هاوشانی گۆڕانگاریەکان مانای زیاتر بۆ ئێستاو ئایندەمانی لێ بەرهەمبهێنینەوە.

کەواتە مەبەستی ئەم راپۆرتە گێرانەوەی مێژووی رابردوو نیە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئایینده و بەکارهێنانەوەی کەرەستەکانە بە دیدێکی نوێ و لەسەردەمێکی نوێدا بۆ بونیادی ئایندەیەکی دیکە، ئەو هەستەی هانماندەدات بەرەو دووبارە خوێندنەوەی فیکری ئیدریس بارزانی هەنگاو هەڵبگرین، هەستێکی سەقامگیر نیە، بەڵکو هەستێکە بەدوای وەڵامی چەندین پرسیاری بێ وەڵامدا گەڕاوە، هەستێکی داهێنەرانەیە کە پێی وایە داهێنان وپێشکەوتن لەخۆڕا نایەتە ئاراوە و دروست نابێت ئەگەر بەقووڵایی مێژوو رۆنەچین و چینە ئەستوورەکان نەشکێنین و بەها بەرز و جوانەکان نەدۆزینەوەو ئەو بەها بەرز و جوانانە دووبارە نەکەینەوە بە کەرەستەی کارکردنمان بۆ ئایینده، ئەوا خۆمان دەخەینە ناو وەهمێکەوە کە بەوەهم ئاییندەیەکی نادیار بۆ خۆمان دروستدەکەین.

ئەمەیە دەمانەوێت بە خوێنەری ئەم راپۆرتە بڵێین باسکردنی ئیدریسی هەمیشە زیندوو لەم باسەدا پێداهەڵگوتن نیە بە خەبات و تێکۆشانی ئەم سەرکردەیە، ئەو بۆیە چەکی نەکردبووە شان و رووی لەشاخ نەکردبوو بۆئەوەی ئێمە پێیداهەڵبدەین یان وتاری لەبارەوە بنووسین، نەخێر ئیدریس پێویستی بەوە نەبووە، بەڵکو ئەوە نەوەی ئێستایە جارێکی دیکە پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ فیکری ئیدریس بارزانی بخوێنێتەوە، بەڵام خوێندنەوەیەك وەك خوێندنەوەی بارزانی نەمر بۆ خانی و جەزیری،وەك خوێندنەوەی محەمەدی مەلاکەریم بۆ نالی، وەك خوێندنەوەی لینکۆڵن بۆ جۆرج واشنتۆن، وەك خوێندنەوەی سەرۆك بارزانی بۆ مانای بەرزی لێبوردەیی و پیکەوەژیان لە رێبازی بارزانیدا، وەك خوێندنەوەی ئۆباما بۆ باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئازادی ئەمریکا و راشکاوانە بەهەموو جیهان دەڵێت، ئەوە فەزڵی سەرۆکی ئەمریکا نیە کە ئەمرۆ ئەمریکیەکان پێکەوە کۆبوونەتەوە و درێژە بەکاروانی خۆیان دەدەن و، وەك نەتەوەیەك کە سەرکردایەتی هەموو جیهان دەکات، بەڵکو ئەوە فەزلی ئەو کەسانەیە

**ژیانی ئیدریس پێماندەڵێت، قۆناخە سەختەکانی ژیان و فیکری ئیدریس تۆرێکی پێکەوە چنراون**

**ئێمە باسی مێژوو و ئیرادە و هێز دەکەین، ئیدریس فێری کردووین جیاوازیەکان هەموویان پێکەوە دەقێک دروستدەکەن، دەقێکی هاوبەش بریارێک دروست دەکات و بریاری هاوبەش ئاییندەمان رووناکدەکاتەوە**



کە پابەندبوون بەو پرانسیپانەی کە باوکانی دامەزرێنەر ئەو کۆمارە ئازادەیان لەسەر دامەزراندووە.

خوێندنەوەی ئاست بەرز کە دەبێتە جۆرێك لە هونەر و چینە تۆزلێنیشتووەکان دەتەکێنێت و گەوهەری فیکرەکە وەك خۆی دەدۆزێتەوە، بەدوای ئەو ئیرادەو هێزەدا دەگەرێت کە لە رۆژانی سەخت و نائومێدیدا یان وەك ئۆباما ناوی لێناوە لە کەشوهەوای تەمومژای و گێژەلوکە ئاسادا خۆری ئازادی لیێ ون نابێت و بریاری چارەنووسساز سەرکەتوو بۆ ئاییندەی میللەتەکەی دەدات، ئۆباما لە پەرەگرافێکی دیکەی وتاری دەستبەکاربوونی وەك ٤٤ هەمین سەرۆکی ئەمریکا نووسیویەتی : (( باوکی نەتەوەکەمان داوای کرد ئەم وشانە بۆ گەل بخوێنرێتەوە( با وابکەین ئاییندەی خۆمان بەجیهان بڵێین... -ئەوکاتە زستانێکی سەخت بوو بێجگە لە هیواو فەزیلەت هیچ شتێکی دیکە بوونی نەمابوو- وڵاتەکەمان رووبەڕووی مەترسیەکی هاوبەش بۆتەوە و دەبێت هەموومان رووبەڕووی بینەوە) ئەی ئەمریکا لە رووبەرووبوونەوەی مەترسیە هاوبەشەکاندا، لە ناو زستانە سەختەکاندا ئەم وشە نەمرانەتان لەبیر بێت)) سەیرکەن چۆن ئۆبامای بەرەگەز کینی مێژووی رووبەرووبوونەوەی باوکانی دامەزرێنەر لەشەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا لە دژی بەریتانیا جارێکی دیکە بەو ئاستە بەرزە دەخوێنێتەوە و دەیکاتەوە بەو کەرەستەیەی ئەمریکای لەشەڕی تیرۆر و تەنگژەی ئابووری بۆ رزگار بکات، سەیر کەن چۆن لنکۆڵن جارێکی دیکە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای خوێندەوەو سیستەمی کۆیلەتی پێ لەبەر یەك هەڵدەوەشاند سەیرکەن چۆن بارزانی سنوورە دەستکردەکانی رامالّی و بەشداری کۆماری کوردستانی لە مهاباد کردوو، دوای ئەوەی ئەو کۆمارە ساوایە لەباربردرا، بەرنامەی کۆماری سەربەخۆیی کوردستانی لە شاری باکۆی ئازەربایجانی سۆفیەتەوە راگەیاند،سەیرکەن سەرۆك مسعود بارزانی چۆن رێبازی بارزانی خوێندۆتەوە و جارێکی دیکە گەوهەری لێبوردەیی بۆ ئێستا مانای پێداوەتەوەو کردوویەتە بەهایەکی بەرزی ئەخلاقی سیاسیی هەر تاکێکی کوردستان و ئەمرۆ هەموو کوردستانیەك بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە لە هەرێمی کوردستان بێت یان لە هەرکوێیەکی ئەم جیهانە بێت شانازی پێوە دەکات،ئەم چەند دێرە گرنگ بوون بۆ ئەوەی بڵێین هەرگیز خانی و جزیری پێویستیان بەوە نەبووە بارزانی نەمر جارێکی دیکە بەو ئاستە بەرزە فیکریان بخوێنێتەوە، جۆرج واشنتۆن هەرگیز پێویستی بەوە نەبووە کە دوای مردنی جارێکی دیکە ئەبراهام لنکۆڵن بێت و سەرلەنوێ ئەو فیکرە بخوێنێتەوە کە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای پێنووسراوە، بارزانی نەمر هەرگیز پیویستی بەوە نەبووە جارێکی دیکە سەرۆك مسعود بارزانی بەو ئاستە بەرزە رێبازەکەی بخوێنێتەوە وگەوهەری لێبوردەیی و پیکەوە ژیان بدۆزێتەوە، باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا هیچ پیویستیان بەوە نیە سەرۆکی ٤٤ هەمینی ئەمریکا بریاری زستانە سەختەکانی شەڕی سەربەخۆیی بخوێنیتەوە، ئەوەی پێویست بووە ئەو کەسانە بوون کە لەپێناوی هەنگاو هەڵگرتنیان بۆ ئاییندە پەنایان بۆ مامۆستا و باوکانی پێش خۆیان بردووە، هەر بۆ نموونە سەرۆك مسعود بارزانی ئەگەر گەوهەری لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە رێبازی بارزانی دا نەدۆزێتەوە، چۆن دەتوانێت ئەم هەموو جیاوازییە سیاسیی و ئایینی و نەتەوەییەی ئەمرۆ لە کوردستاندا هەیە لە ژێر رەشماڵی سەرۆکایەتی خۆیدا کۆبکاتەوە.

ئەمەیە دەمانەوێت بە خوێنەرانی خۆمانی بڵێین، ئەوە ئێمەین پێویستمان بەوەیە جارێکی دیکە ئەو فیکرەی ئیدریس بارزانی بخوێنینەوە کە ئەو ئیرادەو هێزەی دروستکرد توانی لە رۆژانی سەختدا بریاری چارەنووساز بۆ نەتەوەکەی نەك بۆ حزبەکەی بدات، ئیدریس دەیویست نەتەوەکەی لیێ رازی بێت نەك حزبەکەی، دەیویست حزبەکەی لیێ رازی بێت نەك خانەوادەکەی، ئەمە وانەکانی رێبازی بارزانی بوون، کە مسعودبارزانی و ئیدریس

**ئیدریس بارزانی پێوستی بە ئێمە نیە هەتا پروپاگەندەی بۆ بکەین، بەڵکو ئەوە ئێمەین پێویستمان پێی هەیە کاریگەری و ئیرادە و هێزی ئیدریس لە چۆنیەتی بریاردان و رووبەرووبوونەوەی تەحدیەکان و سەیرکردنی جیاوازیەکان و گریدانەوەی جیاوازیەکان پێکەوە و ریکخستنەوەی نێومالّی کوردستان بە جیاوازی هەموو رەنگەکانەوە بۆ ئێستا بکەینە کەرەستەیەک و بە دیدێکی تازە ئاییندەی لەسەر بونیاد بنێینەوە**


بارزانی بەکردەوە دەیانسەلماند، هەروەك چۆن سەرۆك مسعود بارزانی لەوکاتەی ئیدریسی هەمیشە زیندوو بەجێی هێشتین جەنابی لە بەرەکانی شەڕ بوو، بۆیە لەبری ئەوەی گەلی کوردستان سەرەخۆشی لە سەرۆك مسعود بارزانی بکات،ئەو سەرەخۆشی لە گەلی کوردستان کرد، لەبەر ئەوەی ئیدریس بارزانی کوڕی هەر خانەوەدەیەکی کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان بوو، بۆیە کۆستێك بوو لەهەموو ماڵێکی کوردستان و کارەساتیك بوو بەسەر هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان هات.

**ئیدریس بۆ ئەوە بیری نەدەکردەوە تا خەڵك هەستیپێبکات، بۆیە لە سێبەر بیری دەکردەو لە بەر رۆژ جێبەجێی دەکرد**

لێرەوە وردە وردە زیاتر خەریکە لەمەبەستی ئەم نووسینە نزیکدەبینەوە، بەڵام پێشوەختە بە خوێنەرانی خۆمان دەڵێین ئەم باسە یان ئەم راپۆرتە دەقێکی تەواو و بێ کەموکورتی نیە، وشەکانی بواری جێگۆرکێ و دووبارە خوێندنەوەی دیکەی هەیە، بۆیە کاتێك ئەم راپۆرتە دەخوێننەوە دەخوازین وەك رەشونووسێك سەیری بکەن و پیشوەختە پێتان دەڵێین ئێمە باسی مێژوو و ئیرادە و هێز دەکەین، ئەمە باسێکە تایبەتە بەهەموو تاکێك و بەهەموو کوردستانیەك، ئیدریس فێری کردووین جیاوازیەکان هەموویان پێکەوە دەقێك دروستدەکەن، دەقێکی هاوبەش بریارێك دروست دەکات و بریاری هاوبەش ئاییندەمان رووناکدەکاتەوە، کەواتە ئەم راپۆرتەی ئێمەش فەزایەکی کراوەیە، شێوازێکی تازەی خوێندنەوەی رابردوو و پێکەوە گرێدانەوەیەتی بە ئێستاوە نەك گێڕانەوە یان تۆمارکردنی سەروەرییەك، بۆ ئەوەی لەم حاڵەتەش بەهەڵە لێمان تێنەگەن، دووبارەیدەکەینەوە و ئەوەش هەر ئیدریسی جوانەمەرگ فێری کردووین ژیان هەوڵدانە بۆ گەیاندنی سەروەری بە لوتکە و ئاییندەی گەش، کەواتە ئەو فیکرە جوامێرییانەی ئیدریسی تۆمارکردووە، ئەوفیکرە ئێستا لای ئێمەیە دەبێت ئێمە کاری لەسەر بکەین و درێژە بە هەنگاوی جوامێرانەی بدەینەوە، بەڵام بە بیری تازە و خوێندنەوەی سەردەمیانە بۆ ئەوەی ئێمەش تەسلیمی نەوەکانی داهاتووی بکەین، بۆ ئەوەی دەست بەدەست سەروەرییەکانی مێژوو تۆمار بکەین.

**ئیدریس قوتابییە راستگۆکەی بارزانی نەمر جارێکی دیکە لەناو جەرگەی نائومێدی و رەشبینیدا ئومێدی بۆ کورد دروستکردەوە و لەگەرمەی سیاسەتی کورد قراندا نێو ماڵی کوردستانی رێکخستەوە و نەخشەی بەرەی کوردستانی دارشت**

رۆچۆن و قووڵبوونەوە بۆ ئاشنا بوون بەو فیکرەی ئیرادە و هێزی ئیدریس بارزانی دروستکردبوو، بەبێ گەڕانەوە بۆ ژیانی



پڕ دەربەدەری و ناسەقامگیری ئیدریس ئەو زنجیرەیەمان لێ وندەکات کەرایەڵەیەك لە نێوان فیکر و جۆری ژیانی ئیدریس بارزانیدا دروستدەکات، ئەمەش واتە ئیدریس بارزانی وەك شەخسێك کە یەکێکە لە سەرکردەکانی نەتەوەکەمان، پێکەوە زنجیرەیەك دروستدەکەن رابردوو بە ئێستاوە گرێدەدەنەوە، بەڵام زنجیرەیەکی دیکەش هەیە کەشێوازی ژیانی و پرانسیپی سەرکردەکانی پێش خۆی بە فیکری ئیدریس بارزانی گرێدەداتەوە، بۆیە ئێمە ناتوانین ئیدریس بارزانی وەك شەخسیەتێکی موجەرد لەناو مێژووی نەتەوەیەکدا بخوێنینەوە،ئەگەر وامانکرد یان بەو شیوازە کەسایەتی و رۆڵ و فیکری ئیدریس بارزانیمان خوێندەوە، واتە ئیدریس پیویستی بە ئێمەیە، بەڵام ئیدریس بارزانی پێوستی بە ئێمە نیە هەتا پروپاگەندەی بۆ بکەین، بەڵکو ئەوە ئێمەین پێویستمان پێی هەیە کاریگەری و ئیرادە و هێزی ئیدریس لە چۆنیەتی بریاردان و رووبەڕووبوونەوەی تەحدیەکان و سەیرکردنی جیاوازیەکان و گریدانەوەی جیاوازیەکان پێکەوە و ریکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان بە جیاوازی هەموو رەنگەکانەوە بۆ ئێستا بکەینە کەرەستەیەك و بە دیدێکی تازە ئاییندەی لەسەر بونیاد بنێینەوە، لێرەوە ناچار دەبین بۆ دۆزینەوەی زنجیرەی نێوان ژیانی و پرانسیپە شۆرشگێریەکان و فیکرەکەی، ئاورێك لە ژیانی ئیدریس بارزانی بدەینەوە.

## قۆناخەکانی سەرچاوەکانی بیرکردنەوە ئازارەکانی ناخی نەمری هەڵگرتبوو

چ شتێك لە کاتژمێر گرنگتر هەیە کە بتوانێت ژیانمان وەك خۆی پیشانبدات؟، ئایا کاتژمێر هێمای زەمەن و پێوانەی سەردەم و قۆناخە جیاوازەکان نیە؟ئایا ئەو سەردەم و قۆناخەی کاتژمێر تۆماری دەکات شێوەیەك لە شێوەکانی گۆڕان و جیاوازی نێوان سەردەمەکان نیە؟ئایا جیاوازی نێوان قۆناخ و سەردەمەکان گۆڕان و بەرەو پێشەوە چوون لە هۆشیاری و بیرکردنەوەدا دروست ناکات ؟ ئایا ئەم هۆشیاری و بیرکردنەوە چۆن دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی هەنگاوی گرنگ و بوێر لە قۆناخی چارەنووسسازدا هەڵبگرین.

ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی ٤٣ ساڵ تەمەنی سەرکردەیەکی وەك ئیدریس بارزانی هەستی پێدەکەین، کۆمەڵێك ئەلقەی شاراوە و گرنگمان بۆ ئاشکرا دەکات و پێماندەڵێت : ژیان جوولە و گۆڕانکارییە بەبێ جوولە و گۆڕان نە لە ژیان تێدەگەین و نە ژیانیش هیچ مانایەکی هەیە،کەواتە ژیان هەرگیز لە جوولە دانابڕێت و ژیانی سەقامگیر بوونی نیە هەتا ئەگەر گۆڕانکارییەکان ئۆرگانیی یان فیسیۆلۆژیش بن،بۆیە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەردەم بۆ زەمەن ناتوانین تەعبیر لە ژیان بکەین، ئەمەیە پێماندەڵین زەمەن و ژیان پێکەوەگرێدراون و تەواکاری یەکترین.

مێژووی فیکر پێمان دەڵێت کەس نەیتوانیوە بە بێ گەڕانەوە بۆ زەمەن باسی هیچ کارەکتەرێك لە مێژوو یان لە قۆناخێکدا بکات،لەبەر ئەوەی ژیان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە کەواتە لەهەموو سەردەم و زەمەنێکدا ژیان شێواز و وێنای تایبەتی خۆی هەیە.

ژیانی فیکریش هاوشێوەی کائینێکی ئۆرگانی لە کۆمەڵێك سات جیاواز پێکهاتووە، کە تیایدا فیکرەکە پەرش و بڵاوی بەخۆبینیوە، زۆر کەموکورتی و زۆر جاریش هاودژی بەخۆبینیوە، ئەوەی ئەم پەرشو بڵاوی و کەموکورتی و هاودژیانە پێکەوە کۆدەکاتەوە و لە فیکرێکی باڵادا دەیخاتە روو، پێکەوە گرێدانەوەی سەردەمە جیاوازەکانە.

ژیانی ئیدریس پێماندەڵێت، قۆناخە سەختەکانی ژیان و فیکری ئیدریس تۆڕێکی پێکەوە چنراون، ئەمەش واتە

فیکری ئیدریس بوونی هەبووە پێش ئەوەی بە ئەقڵ پەرش وبـــڵاوی و کەموکورتی و هاودژیەکانی ئەو فیکرە کۆبکاتەوە، لە هەر گۆشەیەکەوە ســـەیری خەبات و سیاسەت وبڕیارەکانی ئیدریس بکەین، دەبینین شێوازی خەبـــات و جۆری بیرکردنەوە و داڕشـــتنی سیاســـەتەکانی و بڕیارە نیشـــتمانیەکانی هەڵقوڵاوی رۆح و ســـەرتاپای ژیانی بووە. بۆیە کاتێك دەمانەوێت لەسەر ئەو فیکرەیە ئیـــش بکەین، هەســـتدەکەین ئـــەو فیکرە زینـــدووە و گەرمایـــی ژیـــان و گومان و چەندین پرسیاری بێ وەڵامی هەڵگرتووە و چارەسەری بۆ کێشەکانی ئێستا و ئاییندەی لە ناخی خۆیدا حەشار داوە.
لێرەوە ئەگەر خواستی ئێمە ئەوەبێت دووبارە گەرمایـــی ژیـــان لەناو ئـــەو فیکرە هەر بەردەوامبێت و خۆمان ماندووبکەین بەدوای وەڵامی ئەو پرســـیارانەدا بگەڕێین کە ئەو فیکرە حەشـــاریداوە،دەبێت لەو پرســـیارەوە دەســـتپێبکەین و لە حۆمان بپرســـین : ( ئایا لای ئیدریس کوردســـتان چ مانایەکی هەبووە؟ ئیدریس چۆن ســـەیری خەبات و یەکریزی گەلەکـــەی کردووە و چۆن بیری کردۆتـــەوە خەبـــات و یەکریـــزی پێکەوە کۆبکاتەوە و بیکاتە کەرەستەی سەرفرازی بۆ کوردستان؟
مێـــژووی ژیـــان و گۆرانکاریـــەکان لەبیرکردنـــەوەی ئیدریـــس پێماندەڵێت،لای ئیدریس مانای کوردســـتان هێندە بەرز بوو کە هێزی کێشـــکردنی زەوی کردبووە سفر و کوردســـتانی گەیاندبووە ئاسمان، ئەوەی لـــە ژیانی ئیدریـــس هەســـتی پێدەکەین ئەوەیە هەمـــوو کات ئەو خۆشەویســـت و موقەدەسە(کوردســـتان) لە ناخیدا بەردەوام نەخۆش بووە و هاورێی دەردو دەرمان بووە،لە نەخۆشیەك رزگاری بووە نەخۆشیەکی دیکە بەرۆکی پێگرتووە،بەهارێك هاتبێتە پێشەوە نەهێشتووە ئازارەکانی ساریژ بێت زستانێکی ســـەخت دەســـتپێکردۆتەوە، بۆیە ئیدریس بـــەردەوام ئێشـــکگری و هاودەمی ئازار و نەخۆشـــیەکانی کوردستان بووە کە لای ئەو هەم خۆشەویست و هەمیش موقەدەس بووە، ئیدریـــس بۆیە کە دەشنووســـت خەونی بە کوردستانێکی ئازادەوە دەبینی، بۆیە هەموو کات بەدوای چارەسەر و دۆزینەوەی دەرمانێك دەگەڕا کە تۆزێك زامەکانی خاك ســـارێژ بێت و بتوانێت بیر لە سەرفرازی کوردستان بکاتەوە،ئەم بێداریە ژیانێکی ناســـەقامگیر



و نیگەرانـــی بۆ ئیدریس خولقاندبوو، بەڵام لەم ژیانە ناســـەقامگیر و پڕ نیگەرانیەدا لە نێوان ئیدریس و کوردســـتاندا نەگۆڕێك هەبوو ئەویش راستگۆیی بوو لە چۆنیەتی دەستخستنە سەرکێشـــەکان و قوربانیدان لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاودا، مێژوو لە هەڵســـەنگاندنی ئـــەم لایەنەی گەشـــەی ژیانی ئیدریـــس دا پێماندەڵێت: ئیدریس راستگۆ بوو بۆ ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دەژیا و ئەو ئامانجەش کوردســـتان بوو.ئـــەم لایەنی راســـتگۆییە کـــە دەبێتە ســـیمایەك و ژیانی ئیدریســـی پیشاندەدا کاتێـــك زیاتر بە قووڵاییـــدا رۆدەچین ئەم راســـتیانە جارێکی دیکە وەك دەقێکی تۆز لێنیشتوو دەدۆزرێنەوە:
١- ئیدریس لە هەموو ژیانیدا ئامادەنەبووە دەستەونەزەر لەبەر دەم هیچ کەس و وڵاتێکدا رابوەستێت، بەڵام بەراستگۆیی لە بەرامبەر کوردستان دەستەو نەزەر راوەستابو بۆئەوەیو فەرمانەکانـــی گەلەکـــەی و وڵاتەکـــەی جێبەجێبکات، ئەوجـــا ئەگەر ئەو فەرمانە رووبەرووبوونەوەش بووایە لەگەڵ مەرگدا.
٢- ئیدریس بە راستگۆیی رۆحی تێکەڵاوی کوردستان و کێشـــە رەواکەی بوو بوو،بۆیە بیرکردنەوە لە کوردســـتان و ئاییندەی ببووە فەرز بەسەریەوە، ئەو کە بیری لە کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی دەکردەوە، کەسێك راینەســـپاردبوو یان فەرمانێك نەبوو تا ئەو جێبەجێی بکات، بەڵکو فەرزێکی سەرشانی بوو بەجێبەجێکردنی هەستی بە ئاسوودەیی و کامەرانـــی دەکرد، ئیدریس بۆ ئەوە بیری نەدەکردەوە تا خەڵك هەستیپێبکات، بۆیە لە ســـێبەر بیری دەکردەو لە بەر رۆژ جێبەجێی دەکرد.
٢- ئیدریس بە راستگۆیی شەڕی لەگەڵ چارەنووس و قەدەر دەکرد، هەموو ئەوانەی رۆژانێك لەســـەردەمی مێـــژووی خەباتی ئیدریـــس دا چاودێـــری باری سیاســـی کوردســـتانیان کردبێت، بێجگە لە رەشبینی و نائومێدی هەست ناکەین هیچ ئاسۆیەکی روونیان بۆ ئایندەی کوردستان لێ دیار بووبێت، بەڵام ئیدریس لە بارزانی نەمر فێر ببوو کە دەبێـــت قووڵتر لە رەشـــبینییەکان رۆبچین، بوێرتر لەوەی ئازارەکانمان پیشانمانی دەدەن، دەستی خســـتە سەرکێشەکان و لە ناو ئازار و رەشبینییەکاندا گەوهەری ئیرادەو هێزی بەرهەمهێنا کە دەتوانێت ئازارەکان ســـووکتر بکات و رەشـــبنیەکان بڕەوێنێتـــەوە، ئەمە پێماندەڵێت : ئیدریس قوتابییە راستگۆکەی بارزانی نەمر جارێکی دیکە لەناو جەرگەی نائومێدی و رەشـــبینیدا ئومێدی بۆ کورد دروستکردەوە و لەگەرمەی سیاسەتی کورد قڕاندا نێو ماڵی کوردســـتانی رێکخستەوە و نەخشـــەی بەرەی کوردســـتانی دارشت، ئەوەی بـــووە هەوێنی بیرکردنەوەی ئیدریس بۆ وەلانانی کێشەکان و پێکەوە گرێدانەوەی جیاوازیەکان،ئەوەبـــوو کـــە ئیدریس هەموو کوردستانی پێکەوە سەیر دەکرد و خۆشی و ئازارەکانی پێکەوە دەبینی، ئەو لای گرنگ نەبوو ئەو بریارە لەبەرژەوەندی پارتیە یان نە، ئـــەوەی لای ئەو گرنگ بوو، بڕیارەکە یان هەنگاوەکانی لە خزمەتی ئاییندەی کورد و ســـەرفرازی کوردستاندا بێت، لەم پێناوەشدا زۆر جـــار قوربانی بـــە بەرژەوەندییەکانی خۆی و خانەوادەکەی و پارتیش داوە.
٣- لایەنێکی دیکەی درەوشـــاوەی ژیانی ئیدریس، راســـتگۆییەکەی بـــوو بەرامبەر ســـەرکردەکانی دیکەی مێـــژووی بزاڤی رزگاریخـــوازی کوردســـتان، رۆڵ و پێگە و خەباتـــی ســـەرکردەی شۆرشـــەکانی کوردســـتانی لەنـــاو ســـەردەمە بابەتی و خودییەکانی ســـەردەمی خۆیدا دەخوێندەوە، دووبـــارە بڕیـــار و بیرکردنەوەکانی زیندوو دەکردەوە بۆ سەردەمی خۆی، بۆیە هەوڵی بۆ ئـــەوە بوو بڕیارە ســـەرکەوتووەکان زیاتر بەرەو پێشـــەوە بەرێت و پەند لە شکستەکان وەربگرێت، لای ئیدریـــس مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە هەردوولایەنی شکست و سەرکەوتنییەوە قوتابخانە بوو،لەو

فیکری ئیدریس دەقێکی تەواوکراو نیە هەتا سەردەمی بەسەر چووبێت و لەسەر رەفەکان تۆزی لێ بنیشێت، وینەی ئیدریس بۆ ئەوە نیە بە دیوارەکاندا هەڵبواسرێت و وەک لاشەیەکی بێ گیان سەیر بکرێت

ئیدریس فێری کردووین هیچ هێزێک نیە بتوانێت نەوەی ئەمرۆ ناچار بکات بە دیدی دوێنێ سەروەرییەکانی رابردوو بخوێنێتەوە




**کاتێک جیاوازیەکانمان لەبری یەکریزی و یەکهەڵوێستی هاودژی و ناکۆکی بەرهەمدێنین، ئەوە فیکری ئیدریسە پێماندەڵێت بۆ چی جیاوازیەکانتان پێکەوە گرێنادەنەوە. کاتێک رەش بین و نائومێد دەبین، ئەوە فیکری ئیدریسە پێمان دەڵێت بۆ زیاتر بە قووڵاییدا رۆناچن و بۆ بوێرانەتر لە ئازارەکان رووبەرووی تەحەدیەکان نابنەوە**

قوتابخانەیــە فێری وانــەی کوردایەتی و بەرخــودان ببوو، ئیدریـــس پێیوابوو دەبێت رێز لەشکست و ســەرکەوتنەکانی مێژووی خۆمان بگرین، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنەکان رێگــەی ئاییندەمان بــۆ رووناکدەکاتەو و شکســتەکانی مێــژووش فێرمــان دەکات رێگــەی ئاییندەمان لــێ ون نەبێت، بۆیە لای ئیدریس هەموو پێکەوە وەك یەکە سەیر دەکرا، کە دەخوێنرایەوە وەك کەرەستەیەك بۆ بیرکردنــەوەی و بەرهەمهێنانی بیری تازە دیدی تازە سەیر دەکران.

٤- لای ئیدریس بارزانی بونیادی ئاییندە بەکردەیی دروســتکردنی بینایەك بوو، ئەو خۆی لەو راســتیە لانــەدەدا کە بە خەیاڵ بینایەك دروست ناکرێت، بۆیە هەموو کات هەوڵیدەدا لەسروشــتی ئەو کەرەســتەیەی لەبەردەســتی بوو تێبگات و بیاندۆزێتەوە کە ئەو مەبەســتی بوو ئــەو بینایەی پێ دروســتبکات، لەمــەش گرنگتر ئیدریس پێیوابــوو تەنها پەیداکــردن و دۆزینەوەی کەرەســتەکان بەس نین بۆ دروســتکردنی بینایەکە، بەڵکو پێویســتی بەشارەزایی و هەرەوەزی و هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایــەك هەیە،ئەمە وایکردبــوو کەئیدریس هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی قۆناخەکە وەك بەرپرسیاریەتێکی هاوبەش لەسەر شانیەتی هەموو لایەك بخوێنێتەوە، پرســیاری ئەو ئەوەبــوو، ئایا مێژوو چۆن ئەم ســەردەمە تۆمار دەکات و چۆن حوکمی خۆی بەسەر هەڵسوڕاوانی ئەو سەردەمە تۆمار دەکات؟ ئەو راستگۆ بوو دەیزانی حوکمی مێژوو بۆ سەردەمێکە نەك بۆ تاکێك یان سەرکردەیەك، بۆیە خۆی وەك تاکێك لەناو ســەردەمەکە ســەیر دەکرد و هەوڵیدەدا دەوروبەری خۆی لە بەرپرســیاریەتی مێژوویــی قۆناخەکە هۆشــیار بکاتەوە و هەموو شان بدەنە بەر بەرپرسیاریەتی قۆناخەکە نەك تاکە کەسێك یان تاکە لایەنێك.

## ئیدریس وەک مێژوو وەک قوتابخانە چیمان فێردەکات بۆ ئاییندە؟

ئــەوەی لەمێژووی ئیــدرس فێری دەبین ئــەوە نیە کە ئیدریس بکەینــە پەیکەرێك و پێمانوابێــت دوای ئــەوەی بەجەســتە بەجێیهێشتووین ئیدی فیکرەکانی کۆتایی هاتووە، نەخێر مێژوو پێمان دەڵێت هێشــتا فیکــری ئیدریس بۆ ئاییــندە گەرمایی ژیانی تیدایە، هێشــتا بــە دوای وەڵامی چەندین پرســیاردا وێڵە، هــەر بۆ نموونە کاتێــك جیاوازیەکانمان لەبــری یەکریزی و یەکهەڵوێســتی هــاودژی و ناکۆکــی بەرهەمدێنیــن، ئــەوە فیکری ئیدریســە پێماندەڵیــت بۆ چی جیاوازیەکانتان پێکەوە گرێنادەنــەوە. کاتێــك رەش بین و نائومێد دەبین، ئەوە فیکری ئیدریسە پێمان دەڵێت بۆ زیاتر بە قووڵاییدا رۆناچن و بۆ بوێرانەتر لە ئازارەکان رووبــەرووی تەحەدیەکان نابنەوە، ئەوە فیکری ئیدریســە پێماندەڵێت ئاسۆی جیهانێکــی نوێ لەو دیوی رەشــبینی و لەبەرپەرچدانــەوەی تەحەدیەکان و زاڵبوون بەســەر ئازارەکاندا هەڵدێت، کاتێك دەبینین لایەنێکی سیاسیی ئۆباڵ و بەرپرسیایەتی هەڵوێستێك یان شکســتێك بۆ موزایەدەی سیاســیی وەك چەکێــك دژی لایەنێکی دیکــە بــەکار دەهێنێــت، ئــەوە فیکری ئیدریســە دووبــارە پێمــان دەڵێت،ئەگەر دەتانەوێت بەدیدێکی واقیعبینانە ســەیری ئەم قۆناخەی خۆتان بکەن و ئەم سەردەمە مانایەکــی بۆ ئاییــندە هەبێت،ئەوا هیچ چارتان نیە دەبێــت هەمووتان بە جیاوازی بیربۆچوونەکانتانەوە بەدیدێکی گشــتگیر سەیری کێشــە و تەحەدیەکانی بەردەمتان بکەن،ئیدریس پێماندەڵێت،کێشــەکانی ئەم قۆناخە بەهەموو شــێواز و ئالۆزیەکانیەوە کێشــەکەیە رووبەڕووی هەمووماندەبێتەوە و دەبێــت هەموومان پێکــەوە رووبەرووی ببینەوە،ئەمەیــە پێمــان دەڵێــت فیکری ئیدریــس دەقێکــی تەواوکراو نیــە هەتا سەردەمی بەسەر چووبێت و لەسەر رەفەکان تۆزی لێ بنشــێت، وینــەی ئیدریس بۆ ئەوە نیە بە دیوارەکاندا هەڵبواسرێت و وەك لاشــەیەکی بێ گیان سەیر بکرێت، نەخێر فیکــری ئیدریس دەقێکی تــەواو نەکراوە و هەمــوو تاکێك مافــی خۆیەتی کاری لەســەر بکات بە دیدیکی تازە بیخوێنێتەوە و بیــری تازەی لــێ هەڵبهەنجێت، کاتێك وێنــەی ئیدریس دەبینیــن دەبێت ئیدریس لەگەڵمان قســە بکات و پێیبڵێین، ئێمەش



**کاتێک دەبینین لایەنێکی سیاسیی ئۆباڵ و بەرپرسیایەتی هەڵوێستێک یان شکستێک بۆ موزایەدەی سیاسیی وەک چەکێک دژی لایەنێکی دیکە بەکار دەهێنێت، ئەوە فیکری ئیدریسە دووبارە پێمان دەڵێت، ئەگەر دەتانەوێت بەدیدێکی واقیعبینانە سەیری ئەم قۆناخەی خۆتان بکەن و ئەم سەردەمە مانایەکی بۆ ئاییندە هەبێت، ئەوا هیچ چارتان نیە دەبێت هەمووتان بە جیاوازی بیروبۆچوونەکانتانەوە بەدیدێکی گشتگیر سەیری کێشە و تەحەدیەکانی بەردەمتان بکەن**

لە تــۆوە فێربوویــن، بە خۆدزینــەوە لە کێشــەکان و چارەســەری خەیــاڵاوی کێشــەکانمان چارەسەر نابن، دەبێت وەك تۆ دەســت بخەینە سەر گەوهەری کێشەکان و بەدیدی ئەمڕۆ کێشەکان چارەسەر بکەین، ئەوە ئیدریس فێــری کردووین هیچ هێزێك نیــە بتوانێت نەوەی ئەمــڕۆ ناچار بکات بە دیدی دوێنی ســەروەرییەکانی رابردوو بخوێنێتەوە، بۆیە بــە دووبارە تێکەڵبوونەوە لە گەرمایــی ژیانی فیکــری ئیدریس، هەســت بە جیاوازی قۆناخەکانی دوێنی و ئەمڕۆ دەکەین، هەستدەکەین ئاساییە نەوەی ســبەینێش بەجیاواز ئەمــڕۆ بخوێنێتەوە، بەڵام بەمەرجێ رابردوو پشتگوێ نەخرێت بــۆ ئەمڕۆ و ئەمڕۆ فەرز نەکرێت بەســەر داهاتــوودا، ئــەم دینامیکیەتەی فیکری ئیدریس دروستیدەکات دەمانباتەوە بۆ ئەوەی راشکاوانە بڵێین، دەبێت خەبات و مێژووی ئیدریس وتێکڕای ســەرکردەکانی دیکەی نەتەوەکەمــان بۆ ئەمڕۆ بخوێنرێنەوە،دەبێت لایەنــی ســلبی و ئیجابیــان بۆ ئێســتا قوتابخانەیــەك بــن و فێری دارشــتنی نەخشــەی ئاییندەمان بکات،کەواتە لێرەوە کە ئێمە ئیدریس بــۆ ئاییندە بخوێنینەوە، خوێنەران هەقیانە لێمان بپرسن چۆن ئیدریس و ســەرکردەکانی دیکەمان بخوێنینەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین:

١- ئیدریس و ســەرکردەکانی دیکەشــمان خەبات و تێکۆشــانیان لە پێناوی ئەوە بووە دیدێکی نوێ بۆ بوونمان وەك نەتەوە ژیانمان وەك کوردستانی بونیاد بنێین،ئەوان ئەرکی سەرشانی خۆیان جێەجێکردووە، بۆیە ئێستا رۆڵــی ئێمە دەســتپێدەکات چۆن دیدێکی نوێ بۆ بوون و ژیانمان بونیاد بنێینەوە.

٢- دەمانەوێــت بڵێیــن ســەرچاوەی ئەو فیکرەی ئیدریس کاری پێکردووە، مێژووی نەتەوەکەمانەو ئەو مێژووە رانەوەســتاوە و کۆتایی نەهاتووە، بۆیە نابێت ئەو فیکرەش کۆتایی بێــت، دەبێت رۆژ لــەدوای رۆژ تازەبێتەوە و بەرهەمی ئەم فیکرە بۆ ئێستا و داهاتوو بەکاربهێنرێتەوە.


٣- دەمانەوێــت لەخۆمان بپرســین چۆن ئەم فیکرە لــە قۆناخە جیاوازەکانی مێژوو گەشــەی کــرد، بۆچــی لای ئیدریس گۆرانکاری زیاتری بەســەردا هات، چۆن بتوانیــن ئێمــەش لەئەمرۆدا ئیدریســی سەردەمی خۆمان بین؟

٤- ئامانــج لــە دووبــارە خوێندنــەوەی فیکــری ئیدریــس بەو ئامانجــە نیە کە هیچ جیاوازیەکمــان لەگەڵ فیکرە نەبێت، یــان دووبــارە خوێندنەوەی ئــەو فیکرە هیــچ جیاوازیەك لــە ناخماندا دروســت نەکات، نەخێــر ئامانج لــە خوێندنەوەی فیکری ئیدریس و هەموو ســەرکردەکانی دیکەشــمان ئەوەیە لە کاتی خوێندنەوەی فیکرەکاندا جیاوازیەکانی ئێســتا و رابردوو بێتە بەرچاومان و بەموجەرەدی ســەیری فیکرێك یان هەڵوێســتێکی نەك ئیدریس بە ڵکــو هیــچ ســەرکردەیەکی دیکەش نەکەین، ئەمە وامان لێدەکات فێری ئەوەبین خوێندنەوە وەك جۆرێك لە هونەر، زمان وەك گەوهەر و خالقی مەعریفە ســەیر بکەین، ئەو مرۆڤانەی رۆژانێك لەســەر ناوی ئەو مەعریفەیــە یان ئەو میــژووە کارەکتەری ســەرەکی بوون، ئەمرۆ خەڵکانێکی دیکە لەناو هەمــان مێژوو و هەمــان مەعریفە کاراکتەرن و بەهەمان زمان پێشــکەوتنی مەعریفە و گۆرانکارییەکانی مێژوو تۆمار دەکاتــەوە، ئەمەیە پێماندەڵێــت مرۆڤەکان دەمــرن بەڵام فیکــر و مەعریفە و مێژوو بە زیندووی دەمێننەوە، مرۆڤەکان لە فیکر و مەعریفە و مێژوودا رۆڵدەگێرن،سەرکردە نەمرەکان مێژوو و مەعریفە و فیکر قۆناخ بە قۆناخ تەســلیمی نەوەکانــی داهاتوو دەکــەن، بۆیە فیکر و میــژوو و مەعریفە نەمرن و لەگەڵ هەموو ســەردەم و نەوەکان دەژین، ئــەوەی وەك رێبوار بەجێیان دێڵێت مرۆڤەکانن نــەك فیکر و مێژوو مەعریفە، ئەمەیە پێماندەڵێت ئەمرۆ ئیدریس بەجەستە بەجێی هێشتووین بەڵام وەك فیکر و مێژوو و مەعریفە، هێشــتا فیکــر و مەعریفەی ئیدریس گەرمایی ژیانــی تیدایە و دڵی بۆ ئاییندە و ســەرفرازی کوردســتان هەر لێدەدا،بۆیە گرنگە لەگەڵ فیکر و مەعریفە و هەنــگاوە شۆرشــگێریەکانیداو لەگەڵا هەڵوێستە بوێرەکانی کاکە ئیدریس دا بژین و بیکەینە هەوێنی ئێستا و ئاییندەمان .

# ئاستی بەشداری فراوانی هەستکردنە بە ئینتیمای نیشتمانی و



# هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا گرێدانەوەی تاکە بەکۆمەڵگەوە



تیب ئۆنێڵ سەرۆكی كۆنگرێسی ئەمەریكا لە جوانترین پێناسەی بۆ سیاسەت لە كۆمەڵگەی دیموكراتیدا دەڵێت : (هەموو سیاسەتێك لۆكاڵە)، ئەمەش واتە هاوڵاتیان لە روانگەی ژیانی رۆژانەی خۆیان و پیداویستییە لۆكاڵەكانی ئەو كۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، سەیری سیاسەت و پرۆسەی هەڵبژاردن و حكومڕانی وڵاتی خۆیان دەكەن، بەڵام ئەوەی لەم پێناسە جوانەی ئۆنێڵ دوچاری دڕدۆنگیمان دەكات، ئەو پرسیارەیە كاتێك هەموو سیاسەتێك لۆكاڵ بێت و تاك لە كۆمەڵگە لە روانگەی ژیانی رۆژانەی خۆی و سیاسیەتی لۆكاڵی كۆمەڵگەوە سەیری سیاسەت و هەڵبژاردن و حكومڕانی بكات، ئایا پرسە نیشتمانییەكان و بەرژەوەندی باڵا چۆن لە ناخی تاكدا لەبەرچاو دەگیرێت و چۆن تاك بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆی لە ناو بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگە و بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانی وڵاتدا دەبینێتەوە؟ پرۆفیسۆر كینس واڵاك سەرۆكی ئامۆژگای نێودەوڵەتی بۆ دیموكراتی (NDI) لە وەڵامی ئەم پرسیارە و لە كۆڕێكی ئامۆژگای بەناوبانگی كارینجی دەڵێت : تیب ئۆنێڵ بەرزكردنەوەی ئاستی بەرژەوەندییەكانی تاك بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەرزكردنەوەی سیاسەتی لۆكاڵ بۆ سیاسەتێكی نیشتمانی كە تیایدا تاك بتوانێت پردێك لە نێوان بەرژەوەندی خۆی و سیاسەتی لۆكاڵی كۆمەڵگەكەی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی نیشتمانی دروست بكات و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی نیشتمانیدا قوربانی بدات، ئەمە دەبێتە ئەركی حزبە سیاسییەكانی ناو كۆمەڵگە و سیستەمی دیموكراتی، دەبێت حزبە سیاسییەكان ئەو رایەڵە لە نێوان بەرژەوەندی تاك و سیاسەتی لۆكاڵ و بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی نیشتمانی دروست بكەن.

پێناسە بەرزەكەی ئۆنێڵ و شرۆڤە گرنگەی واڵاك بەرەو ئەو راستیەمان دەبەن كە پێویستە لەكاتی پرۆسەی هەڵبژاندا حزبە سیاسییەكان هەست بە بەرپرسیاریەتی ئەو قۆناخە و رۆڵیان وەك حزبی سیاسی لە كۆمەڵگەی سیاسیی، لەبەرچاو بگرن.

بێگومان هەم پێناسەكەی ئۆنێڵ و هەم شرۆڤەكەی واڵاكیش، پێناسە یان دەقێكی داخراو نین و بەسەر هەموو كۆمەڵگەیەكدا وەك یەك بچەسپێنرێن، نەخێر هەردوو لایان ئەگەر بە دیدیكی فراوان سەیر بكرێن، بۆ هەر كۆمەڵگەیەك بەجۆرێك و بۆ هەر كێشەیەك بە جۆرێك وەك رێگە چارە، یان هۆشیاركردنەوە سوودی لێوەردەگیرێت.

**واقیعی باشوور و ناوەڕاستی عێراق وەک نیشانەیەک بۆ نائومێدبوون و هەستکردن بە بێزاری هاوڵاتیان، بەزەقی دیارە**



لەوانەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی رۆژئاوایی مەسەلەکە بەو ئاستە هەستیار نەبێت کە لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی وەك عێراق هەستی پێدەکرێت، عێراقییەکان هەست بە هەموو شتێك دەکەن، بەڵام هەست بە ناسنامەی نیشتمانی خۆیان ناکەن، لەناو عێراقیشدا لەوانەیە پێگەی کوردستانییەکان جیاواز بێت لە پێگەی دەنگدەرێکی ئەمریکی یان بەریتانی کە دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگی خۆی دەدات، لەبەر ئەمە کوردستانییەکانی عێراق لەم هەڵبژاردنەدا شەڕ لەسەر ناسنامەی خۆیان دەکەن، نەك بەرژەوەندی کەسی یان سیاسەتی لۆکاڵی کەرکوك یان سلێمانی یان هەولێر. بەڵام بەدیوێکی دیکەدا کە ئەمەیان زیاتر بۆ حزبە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە، هێشتا لە کۆمەڵگەکانی دیموکراتی رۆژئاوادا



رایەڵەیەك لە نێوان بەرژەوەندی تاك و بەرژەوەندی گشتی سیاسەتی لۆکاڵ و سیاسەتی نیشتمانی بوونی هەیە و بەردەوامیش ئەو رایەڵەیە پتەوتر دەکرێتەوە و زیاتر هەوڵدەدەن تاك بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناو بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی لۆکاڵی کۆمەڵگەکەی لەناو سیاسەتی نشتیمانیدا سەیر بکات، هەر بۆ نموونە هاوڵاتییەکی ئەمەریکی ئەوجا رەگەزی ئەفریقی بێت یان ئەوروپی، یان رۆژهەڵاتی یان ئاسیایی، چەند بایەخ بە خۆشگوزەرانی ژیانی رۆژانە و بایەخ بە سیاسەتی لۆکاڵی ویلایەتەکەی بدات، ئەوە لەبیر خۆی ناباتەوە کە با ئەو خۆشگوزەران بێت و وڵاتەکەی دەستبەرداری سەرکردایەتی جیهان بێت، سەیر بکەن ئەم نەگۆڕە بە شێوازی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئیدارەی بوش کە مەبەستی بوو بە زەبری هێزی سەربازی ئەم سەرکردایەتیکردنەی جیهان فەرز بکات، ئۆباما دژی شێوازی سەرکردایەتیکردنەکە بوو، نەك دژی ئەوە بێت ئەمەریکا سەرکردایەتی جیهان بکات، ئەمە مانای ئەوەیە لە نێوان سیاسەتی نیشتمانی ئەمەریکا بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهان و سیاسەتی لۆکاڵی هەر ویلایەتێك کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هەر تاکێکەوە هەیە، رایەڵەیەك هەیە پێکەوەیان دەبەستێتەوە و سیاسەتی نیشمانی کردووە بە سیاسەتی لۆکاڵ و تاك ئامادەیە لەسەر حیسابی باج و قوربانیدانی رۆڵەکانیان ئەو سەرکردایەتییە جیهانییە بپارێزن. ئەم هەستەی کە ئێستا لە ناخی هەر تاکێکی ئەمەریکیدا بوونی هەیە، هەستێکی خۆرسکی ئەمریکی نییە کە لەناخی هەر تاکێکی ئەمریکیدا لەخۆوە بوونی هەبێت، بەڵکو ئەم هەستە بەرهەمی سیستەمی پارتایەتی و رۆڵی پارتە سیاسییەکانی ئەمەریکایە کە بەو ئاستە سەیری سیاسەتی لۆکاڵ و سیاسەتی نیشتمانی دەکەن، ئەو هاوڵاتییانەی ئەمەریکا کە دەنگیان بە پارتی دیموکراتی و پارتی کۆماری ئەمەریکا داوە، وەك رێژەی ئەوانەی دەنگیان داوە، بەرێژەی زیاتر لە ٩٨٪ دەنگیان بە هەردوو پارتەکە داوە و هەردوو پارتەکەش هەڵوێستیان بەرامبەر بە سیاسەتی نیشتمانی ئەمەریکا لە جیهاندا نەگۆڕە، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوازێکی جیاواز. ئەم جیاوازییەی لە نێوان هەڵوێستی کۆمارییەکان و دیموکراتییەکاندا هەیە بۆ چۆنیەتی تێڕوانینی تاك بۆ سیاسەتی نیشتمانی ئەمەریکا، کەلێنێکی لە نێوان سیاسەتی لۆکاڵ و سیاسەتی نیشتمانی و بەرژەوەندی تاك و بەرژەوەندی گشتیدا دروست نەکردووە، بەڵکو هاوسەنگییەکی ئەوتۆی دروستکردووە، کە تاکی ئەمریکی زۆرجار ئامادەیە لە پێناوی سیاسەتی نیشتمانیدا قوربانی بە بەرژەوەندی خۆی وەك تاك بدات و شکۆ و خۆشگوزەرانی خۆی وەك تاك لە شکۆی ئەمەریکا لە جیهاندا ببینێتەوە.

ئەم هاوکێشەیە بۆ پیادەکردنی سیاسەت لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەرکی تاك وەك دەنگدەر، حزبە سیاسییەکان وەك نوێنەرانی گروپەکانی ناو کۆمەڵگە، دەکاتە دوو کاراکتەری کارلێك و پێکەوە پرۆسە دیموکراسییەکە بەرەو پێشەوە دەبەن و هاندەرێکە بۆ ئەوەی هەڵکشان و داکشانی ئاستی رێژەی بەشداربووان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەستنیشان بکات.

**ئەمەریکا و بەریتانیا کە بە دوو سیستەمی سەقامگیر و هاوسەنگی دیموکراتی لە جیهاندا ناسراون، هێندە ئاستی بەشداریی هاوڵاتیان لا گرنگە، هێندە بردنەوەی کۆماری یان دیموکراتی، موحافزین یان پارتی کار، گرنگ نەبێت**

لە وڵاتانی دیموکراتی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمەریکا و بەریتانیا کە بە دوو سیستەمی سەقامگیر و هاوسەنگی دیموکراتی لە جیهاندا ناسراون، هێندە ئاستی بەشداریی هاوڵاتیان لا گرنگە، هێندە بردنەوەی کۆماری یان دیموکراتی، موحافزین یان پارتی کار، گرنگ نەبێت. لەبەر ئەوەی لە هەردوو وڵات دوو پارتی سەرەکی رکابەری یەکدی دەکەن، ئەگەر ئاستی بەشداری فراوان بێت یان کەم، یەکێك لەو دووحزبە هەر لە هەڵبژاردنەکاندا دەردەچن، بەڵام لەکاتی ئاستی لاوازی بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەی دەنگدان هەست دەکرێت ئەو حکومەتەی لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پێکدێت، بنکەیەکی شەرعی فراوانی نابێت. ئەمەش واتە جۆرێك لە نائومێدی لەناو هاوڵاتیان هەیە و ئەم نائومێدییە کەلێنێکی لەنێوان سیاسەتی لۆکاڵ و سیاسەتی نیشتمانی و هەروەها کەلێنێکی لەنێوان بەرژەوەندی تاك و بەرژەوەندی گشتی دروستکردووە، تاك لە پرۆسە دیموکراتییەکە نائومێد و تورەیە، بۆیە وەك تۆڵە سەندنەوەیەك بایکۆتی پرۆسەکە دەکات و دەنگ بە هیچ لایەن، یان نوێنەرێکی خۆی نادات.

## ئاستی بەشداری فراوانی هاوڵاتیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

ئەگەر لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی هەڵوەستە لەسەر بایەخی بەشداری هاوڵاتیان بکەینەوە، ئەوا ئاشکرایە هەست بەو راستییە دەکەین کە عێراقییەکانی ناوەڕاست و باشوور لە سیستەمە سیاسییەکە و پارت و پێکهاتە سیاسییەکان توڕەن، لەبەر ئەوەی لە تێکرای هەڵبژاردنەکانی رابردوو (٢٠٠٥-٢٠١٠) ئاستی بەشداری هاوڵاتیان بە ئاستێك نزمە کە مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت نەك پرۆسە سیاسییەکە زۆری ماوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵکو مەزندەی ئەوە دەکرێت زۆر بەقورسی حکومەتی دادێ پێکبهێنرێت و زۆر زەحمەتە ئەو حکومەتەش سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ. بۆیە واقیعی باشوور و ناوەڕاستی عێراق وەك نیشانەیەك بۆ نائومێدبوون و هەستکردن بە بێزاری هاوڵاتیان، بەزەقی دیارە. ئەم نائومێدی و بێزارییە ئاماژەیە بۆ:

١- حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە شیعەو سونەوە لەماوەی ٧ ساڵی رابردوودا نەیانتوانیوە لە نێوان خواست و بەرژەوەندی تاکی عەرەبی عێراق لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتی نیشتمانی عێراقدا رایەڵەیەك دروست بکەن و تاکی عێراق بە بۆندێکی ئەخلاقی بە کۆمەڵگەی شیعەو سونەی عێراقەوە، گرێبدەنەوە.

٢- بێتوانایی پارت و لایەنە سیاسییەکانی شیعە و سونە، هاوڵاتیانی عەرەبی عێراقی لە دیموکراتی بێزارکردووە، ئەوان ئێستا بەو شێوەیە سەیری پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا دەکەن، ئەگەر دیموکراتی ئەم فەوزایە بێت، ئەوە دیکتاتۆرییەت زۆر باشترە.

٣- توڕەیی عەرەبی عێراق، ئەوجا سونە بێت یان شیعە، شەرعییەتی بنکە فراوانی حکومەتی عێراقی فیدراڵی لاواز کردووە، ئەم لاوازی شەرعییەتە بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی عەرەبی عێراق هاوکاری حکومەتی عێراق نەکات بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و زەمینە رەخساندن بۆ سەقامگیری و ئاسایش لە عێراق بەگشتی و لەبەغدا بە تایبەتی.

٤- ئێستا کە دەچینە ناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن مەزندەی زۆر لە چاودێرانی سیاسیی بەو جۆرەیە ئاستی توندوتیژی و کارە تیرۆریستییە خۆکوژییەکان روو لە هەڵکشان بکات و زیاتر پرۆسەکە ئاڵۆزی بەخۆیەوە ببینێت، گەورەترین هۆکار کە دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەم مەزندانە، واقیعی باری سیاسی عێراق و ئاستی توڕەیی عێراقییەکانە لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق.

٥- ئەم بێ متمانەیی عەرەبی سونە و شیعەی عێراق بە حزب و لایەنە سیاسییەکان، پرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی ئاڵۆزکردووە، حزب و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان لەبەر ئەوەی متمانەی شەقامی سیاسیی خۆیان دۆڕاند و موجازەفە لەسەر دروستکردنی موفاجەئەی سیاسیی دەکەن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بەلای خۆیاندا رابکێشن، یاخود ئەو بۆشاییی و ئەو بێ متمانەییەی دروستیان کردووە، نەتوانن بە ئاسانی پڕیبکەنەوە.

٦- ئەم بارە بێ متمانەییە باردۆخێکی ئاڵۆزی ئەوتۆی دروستکردووە کە هاوڵاتیانی عەرەبی عێراق بە دوو شێوازی جیاواز مامەڵە لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکە بکەن، یەکەمیان ئەو حاڵەتەیە ناچێت بۆ دەنگدان و بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەکات، دووەمیان دەنگدانەکە وەك تۆڵە سەندنەوە لەم حاڵەتەدا توڕەیی هاوڵاتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەنگ بە کەس و لایەنێك بدات کە دژی پرۆسە دیموکراتیەکە بن، بەتایبەتی ئەو بەعسییانەی کە گەڕاونەتەوە بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە.

## کوردستانییەکان و دەنگی چارەنووسساز لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

هاوڵاتیانی کوردستان بە ناوچەکانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، لەم هەڵبژاردنەدا رووبەڕووی شەرێکی چارەنووسساز، بەڵام سەخت و ئاڵۆز دەبنەوە، ئەوەشی کە وامان لێدەکات بەو شێوەیە ئەو پرۆسەیە بخوێنینەوە، زیاتر ئەو مەزندانەیە کە مەترسی لێدەکرێت لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پارت و لایەنە کوردستانییەکان لەبەرچاوی نەگرن و باردۆخێك دروست بکەن کە هاوڵاتیانی کوردستان هەست بە جۆرێك لە نائومێدی بکەن و وەك پێویست بەشداری پرۆسەکە نەکەن، یان هەڵمەتەکە بەو ئاراستەیە بڕوات هاوڵاتیان بە شێوازی تۆڵە سەندنەوە دەنگبدەن و دەنگێکی زۆری کوردستانییەکان بەهەدەر بڕوات، کە سەرەنجام بۆ هەموو لایەنەکان و هاوڵاتیانی کوردستان بە زیان دەشکێتەوە. لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەسپێکی ئەو وشانەی لە سەرەتای ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد، بەوەی سیاسەت و پرۆسەی هەڵبژاردن لای تاك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بریتییە لە سیاسەتی ژیانی رۆژانە و سیاسەتی لۆکاڵی کۆمەڵگە و ئەرکی پارت و لایەنە سیاسییە بەشدارەکانە کە ئاستی بەرژەوەندی تاك بەرزبکەنەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی لۆکاڵ بۆ ئاستی سیاسەتی نیشتمانی، ئەوا کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ دەکەوێتە سەر شانی ئەو پارت و لایەن و هاوپەیمانییانەی کە لەم پرۆسەیە بەشداری دەکەن، هۆشیار نەبوون بەرامبەر ئەو ئەرکانە، ئایندەی پرۆسە دیموکراتییەکە و ئایندەی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە لێرەدا کۆمەڵێك لەو مەترسییانە دەخەینەڕوو بە ئامانجی ئەوەی لەبەرچاو بن و خۆمانی لێ دوور بخەینەوە:

١- ماددەی سەرەکی لە پرۆسەی پروپاگەندەکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بۆ حزب و هاوپەیمانی و لایەنە سیاسییەکان، مەسەلەی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانە بەگشتی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، ئەم خاڵە کە خاڵی سەرەکی دروشمی یەکەمی هەموو لایەنە سیاسییەکانە کە خۆیانی لەبەردەم دەنگدەر پێدەخەنەڕوو، بۆیە هەموو لایەك هەوڵدەدات ئەم دروشمە وەك خاڵی گرنگ و سەرەکی لە هەڵمەتی خۆیدا بەگەڕ بخات، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی ئەوەیە بە حەزەرەوە قسەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە پێویستە هەوڵەندرێت هەوڵەکانیان بۆ ئەوەبێت کە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و ماددەی ١٤٠ بکەنە رایەڵی گرێدانەوەی دەنگدەر بە حزبەکەی خۆیەوە، بەڵکو گرنگە حزب و لایەنە سیاسییەکان هەوڵبدەن خۆیان بکەن بەرایەڵەی پێکەوە بەستنەوەی دەنگدەر بە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ئەم کێشەیە وەك کێشەی هەر تاکێك بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی تاکەکان هانبدرێن بچنە سەر سندوقی دەنگدان،

**ماددەی سەرەکی لە پرۆسەی پروپاگەندەکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بۆ حزب و هاوپەیمانی و لایەنە سیاسییەکان، مەسەلەی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانە**

**ئاستی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراقدا دەکرێت وەک ریفراندۆمێکیش بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان یان ناوچە جێناکۆکەکان سەیر بکرێت**



نــەك دەنگ بــەم لایەن یان ئــەو لایەن بدرێت.
٢- پێویستە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردســتان ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت کە بــۆ بەغدا گرنگە کوردســتانییەکان نوێنەریــان زۆر بێت و گرنگە کورســی کوردســتانییەکان لــە نــاو پەرلەمانی عێراقدا ژمارەیان زۆر بێت، ئەگەر رێژەی کورسی کوردســتانییەکان لە پەرلەمانی عێراق بێتــە خوارەوە، لایەنە سیاســییە کوردســتانییەکان کامیان لــەوی دیکە زیاتــر بهێنێت، هیچی پێناکرێت و رۆڵی لە پرۆسە سیاســییەکەدا نامێنێت، بەڵام ئەگەر هاوڵاتیانی کوردستان بە فراوانی بەشــداری هەڵبژاردن بکەن و رێژەی ئەو کورسییانەی نوێنەرایەتی کوردستان دەکەن زیاتر بوو، ئەوا ئەگەر لایەنێك لەلایەنێکی دیکــەش کەمتر دەنگی هێنابێت، رۆڵ و قورســایی خۆی لە پرۆسە سیاسییەکە ون نابێت، هــەروەك چۆن لە هەڵبژاردنی رابــردوو لەگــەڵ ئــەوەی ژمــارەی کورسییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی کورســییەکانی هاوپەیمانی کوردســتانی زۆر کەمتریش بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد ســەنگی خۆی هەبوو، یەکگرتووی ئیسلامیش لە ناو پرۆسەی سیاســیی عێراقدا سەنگ و پێگەی خــۆی هەبوو، توانی رۆڵێکی گەورەتر لە ژمارەی ئەو کورســییانەی هەیبوو، بگێرێت.
٣- ئاســتی بەشــداری هاوڵاتیــان لە هەڵبژاردنی ئەمجــارەی عێراقدا دەکرێت وەك ریفراندۆمێکیــش بۆ ناوچە کێشــە لەسەرەکان یان ناوچە جێناکۆکەکان سەیر بکرێــت، بۆیە لــەم حاڵەتەشــدا ئەوەی گرنگە رێژەی کورد و کوردســتانییەکان لەو ناوچانــە دەربکەوێت، نەك ئەم لایەن یان ئەو لایەن چەند دەنگی هێناوە و کێ لە کێ دەنگی زیاتر هێناوە.
٤- ئاســتی بەشداری فراوانی هاوڵاتیان متمانــەی هاوڵاتیانــی کوردســتان بۆ پابەندبوون بە ناســنامەی کوردستابوونی خۆیانــەوە پتەوتر دەکات و زیاتر خۆی بە کوردســتانەوە گرێدەداتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئاستی بەشــداری هاوڵاتیان لەم پرۆســەیەدا کەم بێت، لایەنــەکان چەند دەنگ لەوی دیکە زیاتر بێنن، ئینتمای هاوڵاتیان بەخاکەوە لاواز دەبێت.

## دانیاڵ بۆیین بۆ گوڵان:

# ڕێژەی بەشداربوون گرنگە، لەبەر ئەوەی ئاماژەیە بە شەرعیەتی حکومەتەکە و ڕەنگدانەوەی بیربۆچووون و ئیرادەی دەنگدەرانە

**دانیاڵ بۆیین مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی لوا(Iowa) و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندی شێوازی نوێنەرایەتیکردن لەگەڵ سیستەمی دیموکراتی ئەمریکادا، سەبارەت بە بەشداری هاوڵاتیان و گرنگی پرۆسەی دەنگدان بۆ پرۆسەی دیموکراتی و دەستنیشانکردنی نوێنەرەکان، دانیاڵ بۆیین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

> ئاست و ڕێژەی بەشداربوون گرنگە، گرنگە لەبەر ئەوەی ئاماژەیە بە شەرعییەتی حکومەتەکە



*** ئایا ڕێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا چی دەگەیەنێت و بۆچی گرنگە ڕێژەیەکی گەورەی دەنگدەران بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئاست و ڕێژەی بەشداربوون گرنگە، گرنگە لەبەر ئەوەی ئاماژەیە بە شەرعییەتی حکومەتەکە، چوونکە بەرزی ئاستی بەشداربوون بەو مانایە دێت کە خەڵکێکی زۆر بەشداریان کردووە و را و هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە، ئەمەش بەو شێوەیە لێکدەدرێتەوە کە ئەو کەسە و نوێنەرانەی هەڵبژێردراون زیاتر ڕەنگدانەوەی را و ئیرادەی هاوڵاتیان، یاخود دەنگدەرانن.

*** ئێمە دەزانین بوونی فرەحزبی یەکێکە لە ئاماژەکانی بوونی دیموکراسی، هەروەها فرەحزبی ڕەنگدانەوەی بوونی بیروبۆچوونی جیاوازە لە کۆمەڵگەدا، لە هەمان کاتدا لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا پێویست بە بوونی خیتابێکی یاسی یەکگرتوو دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم خیتابە یەکگرتووە لە نێو ئەم هەموو پارتە سیاسییە جیاوازانەدا بەرهەم بهێنین؟**

- بێگومان دەکرێت فرەیی بیروبۆچوونەکان لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا کۆبکرێتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە دەکرێت سەرەڕای بوونی بیروڕای جیاواز، ئەوا هەموو لایەک لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو و گەڵاڵەکردنی تێڕوانینێکی یەکگرتوو بگەنە ڕێککەوتنێک، ئەمە بەشێکە لە دیموکراسی، هەروەها یەکێک لە لایەنە گەشەکانی دیموکراسی ئەوەیە سیاق و ئالیەتێکی ئاشتییانە دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا ئیدارەی جیاوازییەکان بکرێت و سەرکردە سیاسییەکان تێیدا مونافەسە و ململانێ لەگەڵ یەکدا ئەنجام بدەن و ململانێی بەرنامە و سیاسەتە جیاوازەکان بکەن. لێرەدا گرنگە تێکڕای لایەنە بەشداربووەکان لەسەر چەند ڕێسایەکی دیارکراو ڕێکبکەون و لە کاتی ڕکابەری و ململانێکاندا پێوەی پابەندبن و لەبەرچاویان بگرن.

> دەکرێت سەرەڕای بوونی بیروڕای جیاواز، ئەوا هەموو لایەک لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو و گەڵاڵەکردنی تێڕوانینێکی یەکگرتوو بگەنە ڕێککەوتنێک

*** شتێکی ڕوونە کە هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی بوونی فرەیی ئیتنی و نەتەوەییەوە دروست دەبن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین هاوسەنگیەک ڕابگرین، یان دروست بکەین لە نێوان پاراستن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئیتنییەکان و هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا؟**

- بەڕاستی ئەمە پرسیارێکی قورسە و من دڵنیانیم لەوەی بتوانم وەڵامی بدەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە گرنگە پرۆسەیەکی سیاسی لە ئارادابێت و بوار بۆ گوزارشت و دەربڕینی سیاسی تێکڕای گروپە ئیتنی و ئاسنامە ئایینیەکان برەخسێنێت، گرنگە ئەمەش لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێت، چونکە هەر کاتێک ئەو لایەن و گروپ و پێکهاتە جیاوازانە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی نوێنەرایەتی سیاسییان لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسیەکەدا هەیە و خواست و نیگەرانییەکانیان لەبەرچاوەدەگیرێت، ئەوا ئەو کاتە ئەو بڕیارانەی لەم دەسەڵاتی سیاسی و لەم حکومەتەوە دەردەچن، وەك بڕیارگەل و ڕێوشوێنێکی شەرعی لێیان دەڕوانرێت. هەرچەندە ئەمە پرۆسە و ئەرکێکی ئاسانیش نییە.

*** ئەوە ئاشکرایە کە لە دیموکراسیدا پارتی سیاسی جیاواز لە ئارادان و هەر پارتێکی سیاسیش دروشمی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەم دروشمانە کاریگەریان لەسەر هاوڵاتیان هەیە، پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە چۆن بتوانین وا لە هاوڵاتیان بکەین بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە سەروی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دابنێت؟**

- لە ڕاستیدا من کەسێکی شارەزانیم لەسەر بارودۆخی عێراق و پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا و لەم ڕوانگەیەشەوە من نازانم عێراقییەکان دەتوانن ئەو ئامانجە بهێننەدی یان نا کە ئێوە لە

پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێدەکەن.

*** هەندێ لایەنی دیکەی دیموکراسی هەن کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بوونە هۆی هەرەسهێنانی سیستەمە سیاسییەکە لە وڵاتەکەدا، بۆ نموونە لە یۆگسلافیای پێشوودا، پرسیارەکە ئەویە بۆچی هەندێ جار هەڵبژاردنەکان ئەنجامی پێچەوانەوە و نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە؟**

- گرنگی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەوەدایە کە خودی ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە چەند پرس و کێشەیەکی زۆر گرنگ و گەورەوە، وەك کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات لە وڵات یان لە دەوڵەتەدا، کێشەی دابەشکردنی سەروەت و سامان و داهاتەکان، کێشەی یەکلاکردنەوەی ئەوەی کامەیە سیاسەتی ڕاست و دروست و کامەیە سیاسەتی هەڵە و زیانبەخش. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرجار هەڵبژاردنەکان دەبنە مایەی دروستبوونی ناکۆکی، چونکە بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئێمە هیوادارین کە ئەم ناکۆکییانە بە شێوەی ئاشتییانە و مەدەنییانە کۆتاییان پێبێت و سەرنەکێشن بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ئاڵۆزی و ئاژاوە.

*** لە دیموکراسیدا پتر بایەخ بە کێشە و پرسە مەحەلییەکان دەدرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەم سیاسەتە مەحەلییانە بگۆڕێن بۆ ئاستی سیاسەتی نیشتمانی لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم ئامانجە بهێنینەدی؟**

- ئەم کێشەیە یان پرسە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا بوونی هەیە، کە ئەوەش دەرکەوتووە هەمیشە ئەم پرسە یەك ئاڕاستە نییە، مەبەستم ئەوەیە هەندێ جار حکومەتی فیدراڵی ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینێت لە مەسەلەکانی تەرخانکردنی بودجە و یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە سەپاندنی باج، واتە هەندێ جار حکومەتی فیدراڵی کە بودجەیەك یان داهاتێکی زیاتر بۆ ویلایەتێك یاخود شارێك تەرخان دەکات، ئەوا خوازیارە ڕۆڵ و کاریگەری زیاتری لەسەر چۆنیەتی هەڵسوڕاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ چەند پرسێکی دیارکراودا هەبێت، لە لایەکی دیکەوە لە مەسەلەکانی وەك سیاسەتی پەروەردە و پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردەدا، ویلایەتەکان دەسەڵاتێکی زیاتریان هەیە، لەبەر ئەوە لە هەندێ حاڵەتی پەیوەست بە بواری پەروەردە و هەندێ لایەنی دیکەدا حکومەتی فیدراڵی خۆی داوا لە ویلایەتەکان دەکات کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕووبەڕووی ئەو مەسەلانە ببنەوە و لەم ڕووەشەوە دەسەڵات، یاخود ئۆتۆنۆمییەکی زیاتریان پێدەدات بۆ ئەداکردنی ئەم ئەرکە. هەرچەندە ئەم پرسە لە ئەمەریکا جێی مشتومڕ و گفتوگۆیەکی بەردەوامیشە.

*** عێراق بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەچێت، بەپێی چاودێران لایەن و پێکهاتە کەمینەکان دژی بەرژەوەندی عێراق دەنگ دەدەن، واتە بۆ دابەشبوون و پارچە پارچەکردنی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك هەڕەشەیە بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی عێراق؟ ئایا مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی یۆگسلافیای پێشو لە عێراقدا ناکرێت؟**

- پێموایە هەر دەبێت ناسنامەیەکی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا پێکبهێنرێت، ئەگەر بوونی گروپە ئیتنی و تائیفییەکان هۆکارێك بن بۆ دابڕین و دابەشکردنی خەڵکی وڵاتەکە لە بری ئەوەی هۆکاری یەکخستن و لێکنزیکردنەوەیان بن، ئەوا من باوەڕم وایە ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکردن و بێتواناکردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی لە وڵاتەکەدا.

*** چۆن بتوانین کار بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکەین؟ ئایا ئەمە کارێکی مومکینە؟**

- لە ڕاستیدا چارەسەرێکی سیحری لە ئارادانییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداربوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکارێك بکەین کە ڕۆڵیان لەم ڕووەوە هەیە، یەکەمیان بوونی ئەگەر و دەرفەتی بردنەوەیە لە بەردەم پارتە سیاسییەکاندا کە کاریگەری لەسەر پرسی بەشداریکردن دەبێت، مەسەلەیەکی دیکە بریتییە لە نەبوونی ڕێگری و کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم هاوڵاتیاندا بۆ ئەوەی مومارەسەی مافی دەنگدان بکەن، مەسەلەیەکی دیکە بریتییە لەوەی دەنگدەران هەست بکەن دەنگدانەکەیان کاریگەری دەبێت و جیاوازی دروست دەکات.

**زۆرجار هەڵبژاردنەکان دەبنە مایەی دروستبوونی ناکۆکی**

**هەر دەبێت ناسنامەیەکی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا پێکبهێنرێت**



## دیڤارا مۆلەر بۆ گوڵان:

# ئەگەر عێراقییەکان هەست بکەن سەرەڕای دەنگدانیان، حکومەت لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پێکدەهێنرێت، ئەوا هیچ مانایەک بۆ بەشداربوونەکەیان نامێنێتەوە

**پرۆفیسۆر دیڤارا مۆلەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی دیموکراتیزەکردن و ئاکاری سیاسیی و پەیوەندیکردنی سیاسیی و دیراساتی سیاسیی ئەفریقیا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و بایەخیان لە پرۆسەی دیموکراتیدا، خاتوو دیڤارا بەمجۆرە راو سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**دەبێت سیستمەکە توانای هەبێت بوار بۆ ململانێی لایەنە جیاوازەکان برەخسێنێت بێ ئەوەی ئەمە سەربکێشێت بۆ تێکدان و نا سەقامگیرکرن و شڵەژاندنی سیستەمەکە**

*** لە پرۆسەی دیموکراتی و دەنگدان بۆ دیارکردنی نوێنەران، ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان بە مەرجێکی گرنگ دەزانرێت، تاچەند ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان بۆ پرۆسەی دەنگدان گرنگە؟**

- لە راستیدا تەنها ڕێژە و ئاستی بەشداریکردن بەس نییە بۆ ئەوەی بکرێتە پێوەرێك بۆ دیموکراسی بوونی هەڵبژاردنەکان، لەبەر ئەوەی رەنگە ئاستێکی نزمی بەشداریکردن بەدی بکەین لە کۆمەڵگە و قەوارەیەکی دیموکراسیدا، لە کاتێکدا لە رژێمێکی شمولی و تاکرەودا ئاستێکی زۆر بەرزی بەشدرایکردن بەدی بکەین. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا گرنگی بەشداری کردن چی دەبێت؟ من پێم وایە دەبێت گرنگی بەشداری کردنەکە لەو رووەوە لێکبدرێتەوە کە ئایا لە کاتی دەنگدانەکەدا دەنگدەران ئیختیاری جیاوازیان لەبەردەمدا بووە؟ ئایا دەرئەنجامی دەنگدانەکەیان چ کاریگەرییەکی بەسەر ئەو حکومەتەی دواتر پێکدەهێنرێت، دەبێت؟ بۆ نموونە لە عێراقدا ئەگەر هاوڵاتیانی عێراق هەست بکەن یاخو تێڕوانینیان وابێت کە سەرەڕای بەشداری کردنیان و دەنگدانیان، ئەوا حکومەت لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پێکدەهێنرێت، ئەوا هیچ مانایەك بۆ بەشداربوونەکەیان نامێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر دەنگدەران ئیختیاریان لەبەردەمدابێت، بەڵام ڕێژەیەکی کەمی دەنگدەران بەشداری بکەن، ئەوا ئەوەی دروست دەبێت، بریتی دەبێت لە نایەکسانی نوێنەرایەتیکردن، کە عادەتەن ئەو کەسانەی پێشتر هەست بە پەراوێزبوون و دوورخستنەوە دەکەن، بەشداری ناکەن و ئەنجامەکەش دەبێتە هۆی زیاتر قوڵکردنەوەی ئەو نایەکسانییە لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.

*** کۆمەڵگەی دیموکراتی واتە کۆمەڵگەی جیاوازی و پێکەوە گونجاندن. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم خیتابە یەکگرتووە لەنێو ئەم هەموو پارتە سیاسییە جیاوازانەدا بەرهەم بهێنین؟**

- کاتێك باسی هەڵبژاردن دەکەین لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، ئەوا باسی نا دڵنیایی دەکەین لە سیاقی سیستمێکی دیارکراودا، مەبەستم لە نا دڵنیایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و لایەنە براوە و دۆڕاوەکانە، بەڵام دەبێت ئەم نا دڵنیاییەوە لە چوارچێوەی دڵنیاییەکی دیکەدا مومارەسە بکرێت، واتە دەبێت ململانێکان لە چوارچێوەی کۆمەڵە یاسا و ڕێسا و سنوورێکی دیارکراودا ئەنجام بدرێن، بە دەربڕینێکی دیکە دەبێت سیستمەکە توانای هەبێت بوار بۆ ململانێی لایەنە جیاوازەکان برەخسێنێت بێ ئەوەی ئەمە سەربکێشێت بۆ تێکدان و نا سەقامگیرکرن و شڵەژاندنی سیستەمەکە.

*** کەواتە چۆن بتوانین هاوسەنگیەکە رابگرین، یان دروست بکەین لە نێوان پاراستن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئیتنییەکان و هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا؟**

- لە راستیدا لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسیدا بەڵگە دەدۆزینەوە هەم لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان بوونەتە هۆکارێك بۆ هێورکردنەوە و خاوکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییە ئیتنییەکان و هەم بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هۆکارێك بوونە بۆ هەڵکشان و قوڵکردنەی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانە، واتە ئەمە پرسە، هاوکێشەیەکی سادە نییە و ناتوانین بڵێن هەمیشە هەڵبژاردنەکان سەردەکێشن بۆ کەمکردنەوەی بارگرژی ئیتنی، یاخود هەمیشە دەبنە هۆکارێك بۆ گەورەکردن و قوڵکردنەوەی ئەو گرژییانە. ئەوەی جێی مەترسییە بە تیڕوانینی من، ئەوەیە پەنابردن بۆ تائیفەت و خۆ پەیوەستکردن بە گروپە ئیتنییەکەتەوە تەنها ڕێگابێت بۆ خۆدەربڕین و گوزارشت لە خۆکردن.

*** ئەی چۆن بتوانین وا لە هاوڵاتیان بکەین بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دابنێت؟**

- من باوەڕم وایە ناتوانین قەناعەت بە خەڵك بهێنین کە دەست لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان هەڵبگرن، ئەمە دوورە لە سروشتی ئینسانەکانەوە، ئەوەی دەتوانین ئەنجامی بدەین ئەوەیە کارێك بکەین کە بەرژەوەندییە

تایبەتییەکان ئاوێتەی بەرژەوەندیی گشتی بکەین، چونکە من پێم وایە هەوڵێکی بێئاکام دەبێت هەوڵبدەین قەناعەت بە خەڵك بهێنین بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان فەرامۆش بکەن، بەڵکو دەبێت قەناعەتیان پێ بکەین ئەوەی لە بەرژەوەندی گشتییە، خزمەت بە بەرژەوەندی تایبەتی ئەوانیش دەکات، بۆ نموونە کوردێك قەناعەتی بەوە هەبێت کە چەسپاندنی سەقامگیری لە عێراقدا خزمەت بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەو دەکات، لە هەمان کاتدا خەڵکانی دیکەش لە عێراقدا قەناعەتیان وابێت درێژەکێشانی ئەو سەقامگیرییە دەبێتە هۆی هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەوان. بۆیە من پێم وایە دەبێت خەڵکی لە یەك کاتدا گرنگی و بایەخ بە هەردوو ئاستی محەلی نەتەوەیی بدەن، لە راستیدا ئەمە هاوشێوەی پرسیارەکەی پێشووە کە پەیوەست بوو بە بەرژەوەندیی تایبەتی و گشتیەوە، کە من پێم وایە دەبێت پرس و مەسەلە محەلی و نەتەوەییەکان پێکەوە لەبەرچاو بگیرێن، من باوەڕم وایە جیاکردنەوەی پرسی نەتەوەیی لەو پرسانەی کە خەڵکی بایەخێکی تایبەتی پێدەدەن، شەڕکردنە لەگەڵ سروشتی ئینسانەکاندا.

*** هەندێ لایەنی دیکەی دیموکراسی هەن کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بوونە هۆی هەرەسهێنانی سیستەمە سیاسییەکە لەو وڵاتەدا، بۆ نموونە لە یۆگسلافیای پێشوودا، پرسیارەکە ئەویە بۆچی هەندێ جار هەڵبژاردنەکان ئەنجامی پێچەوانەوە و نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە؟**

- رەنگە یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەبێت کە لایەنێك یان رەوتێکی دیارکراو هەست دەکات بە تەواوەتی دوورخراوەتەوە و پەراوێزکراوە و ناتوانێت بە هیچ رێگا و شێوازێکی دیموکراسی و ئاشتییانە کاریگەری و رای لەسەر ئایندەی وڵاتەکەی هەبێت، کە لەم حاڵەتەدا ئەگەری پەنابردنە بەر شێوازی دیکە لە دەرەوەی سیستەمەکە سەرهەڵدەدات. لەبەر ئەوە گرنگە کار بۆ ئەوە بکرێت کە ئەگەر هاتوو هێزێك یان لایەنێك لە هەڵبژاردنێکی دیارکراودا دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا، ئەوا دەرفەت و بواری ئەوەی لەبەردەمدا دەمێنێت بۆ ئەوەی دووبارە کار بۆ بەدەستهێنانەوەی دەنگ و متمانە بکات و دووبارە بتوانێت جڵەوی دەسەڵات بگرێتەوە دەست.

*** ئایا ئەمە تا چ رادەیەك هەڕەشەیە بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی عێراق؟ ئایا مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی یۆگسلافیای پێشو لە عێراقدا لێ ناکرێت؟**

- ئەوەی بەدی دەکەم ئەوەیە هەندێ هاوپەیمانی دروستبوونە و پێکهێنراون کە سنووری گروپە ئیتنی و تائیفییەکان دەبڕن، کە رەنگە ئەمەش گرنگ بێت لەو رووەوە کە لە دیموکراسیدا هاوڵاتیان لە کاتێکی دیارکراودا هەست دەکەن بوونیان بە بەشێك لە هاوپەیمانێتیەك باشتر خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، لە کاتێکی دیکەدا بە پێویستی دەزانن ئەو هاوپەیمانێتیە بگۆڕن. بە شێوەیەکی گشتی من پێم وایە ئەگەر خەڵکی هەست نەکەن رۆڵیان لە دیارکردنی ئاراستەی ئایندەی وڵاتەکەیان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکان هەیە، ئەوا پەنا بۆ رێگەچارەی دیکە دەبەن.

*** چۆن بتوانین کار بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکەین؟ ئایا ئەمە کارێکی مومکینە؟**

- رەنگە بوونی ئەو تیروانینە لای هاوڵاتیان کە بەشداریکردن کاریگەری ئیجابی لەسەر ئایندەی وڵاتەکەیان دەبێت، تیروانینان بەوەی بەشداریکردنیان کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێت، هۆکارگەلێك بن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری کردن. هەروەها گرنگە لە عێراقدا خەڵکی هەست بکەن کە ئەمنییەتیان لە رۆژی دەنگداندا پارێزراوە، هەروەها ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان ئەنجام نادرێن و رێز لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەگیرێت.



**ئەگەر خەڵکی هەست نەکەن رۆڵیان لە دیارکردنی ئاراستەی ئایندەی وڵاتەکەیان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکان هەیە، ئەوا پەنا بۆ رێگەچارەی دیکە دەبەن**

**ناتوانین قەناعەت بە خەڵک بهێنین کە دەست لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان هەڵبگرن**

## گادەم ڕەیدی بۆ گوڵان:

# ئەرکی حزبە سیاسییەکانە کە سیاسەتی لۆکاڵ بەرزبکەنەوە بۆ ئاستی سیاسەتی نەتەوەیی یان نیشتمانی

**پرۆفیسۆر گادەم رەیدی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی عوسمانی حەیدەر ئاباد لە هیندستان و تویژەرە لەســـەر بواری حکومرانی لە زانکۆی نێودەلهی، هیندستان وەك دەوڵەتێکی فرە ئیتنی و ئایینی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە چەند ساڵێکە هەست دەکرێت ئاستی بەشداری هاوڵاتییان تیایدا روو لە هەڵکشانە، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری ئەم لایەنە لەسەر رەوتی دیموکراتی پرۆفیسۆر گادەم بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

دەکرێت بەشداریکردنی هاوڵاتییان یاخود دەنگدەران بە رێژەیەکی بەرچاو و بە ئاستێکی بەرز لە هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگداندا وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی دیموکراسییەتێک لێکبدرێتەوە کە بناغەیەکی راست و دروستی هەیە و لە بەرەوپێشچووندایە



*** متمانەبـــوون بـــە سیســـتەمی سیاســـی هۆکارێکـــی گرنگە بۆ ئاســـتی بەشـــداری هەڵبـــژاردن لـــە پرۆســـەی دەنگدانـــدا، ئایا دەتوانین ئەم گریمانەیـــە پێچەوانە بکەینەوەو بڵێین نزمی ئاســـت و رێژەی بەشـــداربووان لە دەنگداندا نیشانەی بێ متمانەییە بەسیستەمە سیاسییەکە؟**

- لـــە راســـتیدا دەکرێـــت بەشـــداریکردنی هاوڵاتییان یاخـــود دەنگدەران بـــە رێژەیەکی بەرچاو و بە ئاســـتێکی بەرز لە هەڵبژاردن و پرۆســـەی دەنگداندا وەك ئاماژەیەك بۆ بوونی دیموکراســـییەتێك لێکبدرێتەوە کە بناغەیەکی راست و دروستی هەیە و لە بەرەوپێشچووندایە، واتە بەشـــداری چالاك و پەرۆشـــانەی خەڵك لەو پرۆســـەیەدا دەتوانرێت وەك نیشانەیەك بۆ تەندروســـتی پرۆســـەکە لێکبدرێتەوە. تەفسیر و لێکدانەوەکانی پەیوەســـت بـــەم بوارە ئاماژە بـــەوە دەکەن کـــە رێژەی بەرزی بەشـــداربوون ئاماژەیە بە متمانەی هاوڵاتییان بە سیستەمە سیاســـییەکە، واتە هاوڵاتییان متمانەیان هەیە کە سیستەمە سیاسییەکە لە ئاست ئەرکەکانیدا دەبێت و ئەدایەکی باشـــی لـــە جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانیدا دەبێت. لە هەندێ وڵاتدا رێژەی بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگداندا زۆر کەمە، بـــۆ نموونە لە وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکادا، دەتوانین هۆکارەکـــەی بۆ ئەوە بگەڕێنینـــەوە کـــە خەڵکی لـــەو وڵاتەدا بە خەمســـاردییەوە لـــەو مەســـەلەیە دەڕوانـــن، ئەمەش لەبەر ئەوەی وڵاتەکە گەشـــەکردنێکی گـــەورەی کردووە و خەڵکی ئـــەو وڵاتەش بە دەست کێشەگەلێکی کەمەوە دەناڵێنن، ئەمەش حاڵەتێکی دروستکردووە کە خەڵکی هەست بکەن کە ئەگەر بەشـــداریش نەکەن ئەوا کاریگەری و رەنگدانەوەیەکـــی خراپـــی لێناکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو تەفســـیرەش لە ئارادایە کە کەمی رێژەی بەشـــداربوون بۆ بێ متمانەیی خەڵك دەگەڕێتەوە بە سیســـتەمە سیاسییەکە، بە پێچەوانەشەوە بەشداری گەورە و بەرچاویان نیشـــانەی گەورەبوونی متمانەی هاوڵاتییان و دەنگدەرانە بە سیستەمە سیاسییەکە، بۆ نموونە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە رێژەی بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگداندا لە وڵاتی هیندستاندا لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بەرەو بەرزبوونەوەو هەڵکشان چووە، هۆکارەکە ئەوەیە خەڵکی پێیان وایە کە سیستەمە سیاسییەکە زیاتر لە ئاستی چاوەڕوانی و ئومێدەکانی ئەواندایە.

*** رۆڵـــی حزبە سیاســـییەکان لە پرۆســـەی دیموکراتیدا بەرزکردنەوەی ئاســـتی سیاسەتی لۆکاڵە بۆ ئاســـتی سیاســـەتی نیشـــتمانی، ئایا تاچەند حزبە سیاســـییەکان لەم رۆڵەیاندا سەرکەتوو بوون؟**

- ئەگـــەر ئێمە لە ئەزموونـــی وڵاتانی دیکە بڕوانیـــن لەم بوارەدا، بـــە تایبەتی ئەزموونی وڵاتی هیندســـتان ئەوا ئـــەو حاڵەتانە بەدی دەکەیـــن کە تێیدا هەوڵدراوە پرس و سیاســـەتە محەلییەکان بگوازرێنەوە بۆ ئاستی نەتەوەیی یان نیشـــتمانی. بۆ نموونـــە ئەگەر لە وڵاتی هیندســـتاندا هەوڵبدرێت پرســـی دابەشکردنی زەوی لە ناوچە گوندنشینەکاندا لەسەر ئاستی محەلییەوە بۆ ئاســـتی نەتەوەیی بگوزارێتەوە، یاخـــود هەوڵبدرێـــت سیســـتەمە سیاســـییە مەرکەزییەکە ئاوڕ لەم کێشـــەیە بداتەوە، ئەوا پەنا بۆ پارتە سیاســـییەکان یـــان گروپەکانی گوشـــار دەبردرێت، کەواتە پارتە سیاسییەکان دەتوانن لـــەم رووەوە ببنە ئامـــراز و هۆکارێك بۆ ئـــەوەی بەرژەوەندییە محەلییەکان بکەن یان بگەیەننە ئاستی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان.

*** ئێمـــە دەزانین بوونـــی فرەحزبی یەکێکە لە ئاماژەکانـــی بوونـــی دیموکراســـی، هەروەها فرەحزبی رەنگدانـــەوەی بوونی بیروبۆچوونی جیـــاوازە لە کۆمەڵگەدا، لـــە هەمان کاتدا لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا پێویســـت بە بوونی خیتابێکی سیاســـی یەکگرتوو دەکات، پرســـیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانیـــن ئەم خیتابە یەکگرتووە لە نێو ئەم هەموو پارتە سیاســـییە جیاوازانەدا بەرهەم بهێنین؟**

- لە راســـتیدا ئەمە کارێکـــی زەحمەتە، بە چاوپۆشـــین لەوەی سیســـتەمە سیاســـییەکە فرەحزبی پیادە بکات یاخود تاکحزبی، مەبەستم ئەوەیە کۆکردنەوەی بیروبۆچوون و بەرژەوەندییە جیاوازەکان کار و ئەرکێکی زەحمەتە و ئاســـان نییـــە، هەروەها زۆرجار بوونـــی فرەحزبیش بە مانای ئەوە نایەت کە نوێنەرایەتییەکی تەواوی بۆچوون و بەرژەوەندییە جیـــاوازەکان دەکرێت، یاخود بە شـــێوەیەکی گونجاو و هاوســـەنگ ئـــەم بەرژەوەندییانە رەنگدانەوەیـــان دەبێت، بە تایبەتی لـــەو کۆمەڵگەیانەی کە بە دەســـت

زۆرجار بوونی فرەحزبیش بە مانای ئەوە نایەت کە نوێنەرایەتییەکی تەواوی بۆچوون و بەرژەوەندییە جیاوازەکان دەکرێت

دابەشبوون و ناكۆكییەوە دەناڵێنن، مەبەستم لە دابەشبوون ئەوەیە ناوچە جیاوازەكان بیروبۆچوون و بەرژەوەندی جیاوازیان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر پارتێكی سیاسی كار بۆ راكێشانی رەزامەندی دانیشتووانی ناوچەیەكی دیاركراو بكات، ئەوا رەنگە ئەمە سەربكێشێت بۆ لەدەستدانی رەزامەندی یاخود پشتیوانی ناوچەیەكی دیكە، ئەو كاتە ئەو پارتە سیاسییە خەسڵەتی خۆی لەدەست دەدات و مۆركی ناوچەیەكی دیاركراوی بەسەرەوە دەبێت، دەبێت چۆن كار بۆ چارەسەركردنی ئەم حاڵەتە بكرێت؟ من پێم وایە دەبێت پارتە سیاسییەكان هەوڵ و كۆششی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بە سەركەوتوویی هاوسەنگییەك دروست بكەن لە نێوان ئەم بەرژەوەندییە جیاوازانەدا، یاخود بە دەربڕینێكی دیكە كار بۆ ئەوە بكەن تێكڕای ئەم بەرژەوەندییە جیاوازانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەكی باڵاتردا رێكبخەنەوە، هەرچەندە ئەمە ئەركێكی زۆر قورسیشە.

*** لە وڵاتێكی وەك عێراقدا، چۆن پارتە سیاسییەكان دەتوانن هاوسەنگییەك بدۆزنەوە لە نێوان بەرژەوەندییە نەتەوەیی و بەرژەوەندییە ئیتنی، یاخود بەرژەوەندییە تائیفییەكانی خۆیاندا؟**

- ئێمە دەبێت لێرەدا جیاوازی بكەین لە نێوان ئەو كۆمەڵگەیانەی كە سیاسەت لە سەر بنەمای تەرحكردن و خستنەڕوو پێشكەشكردنی بەرنامە دەكرێت، لەگەڵ ئەو كۆمەڵگەیانەی كە تەوەری سیاسەت بریتییە لە بەرژەوەندییە تائیفیی و ئیتنییەكان، لە حاڵەتی یەكەمدا پارتە سیاسییەكان دەبنە هەڵگری خەسڵەتی پارتی سیاسی و سروشتی پارتی سیاسی، واتە ململانێی و هەوڵی كۆكردنەوەو بەدەستهێنانی دەنگ و متمانەی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە دەبێت كە پارتە سیاسییەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و بۆ بەرەوپێشبردنی بوارە جیاوازەكان تەرحی دەكەن، واتە ئەم پارتە سیاسییانە كۆشش دەكەن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی تێكڕای بەرژەوەندییەكان یاخود بڵێین نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی گشتی بكەن، لە كاتێكدا لە حاڵەتی دووەمدا پارتە سیاسییەكان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تائیفی و ئیتنی كار و بەرنامەی خۆیان دادەڕێژن، ئەمە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ نوێنەرایەتیكردنی بەرژەوەندییەكانی هەر گروپێكی ئیتنی یان تائیفی، پارتێكی سیاسی دیاركراو دروست بێت و ئەو كاتە دەنگدانەكەش هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت، نەك لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیەی كە چاوەڕێی لێدەكرێت باشتر بتوانێت خزمەت بە بەرژەوەندییە گشتییەكان بكات، لەئەنجامدا ئێمە دەبینین چەندین پارتی جیاواز و جۆراوجۆر كە هەر یەكەیان نوێنەرایەتی گروپێكی دیاركراو دەكەن لە هەڵبژاردنەكاندا بەشێكی دەنگەكان بۆ خۆیان مسۆگەر دەكەن، ئەو كاتە دەبێت پەنا بۆ هاوپەیمانێتی كردن ببردرێت بۆ بەڕێوبردن و حكومڕانیكردنی كاروباری وڵاتەكە، چونكە لەم سیاق و دۆخەدا هیچ پارتێكی سیاسی ناتوانێت زۆرینەی دەنگەكان بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بە تەنها جڵەوی حكومڕانێتی بگرێتەدەست.

*** كەواتە با پرسیارەكەمان بە جۆرێكی دیكە بكەین، ئایا چۆن بتوانین وا لە هاوڵاتییان بكەین بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان لە سەرووی بەرژەوەندییەكانی خۆیەوە دابنێت؟ لەبەر ئەوەی بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان بوونە هۆی هەرەسهێنانی سیستەمە سیاسییەكە لە وڵاتەكەدا، هەروەك لە یۆگسلافیای پێشوودا بەدیمان كرد، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی هەندێ جار هەڵبژاردنەكان ئەنجامی پێچەوانەو نەخوازراویان لێدەكەوێتەوە؟ چۆن دەتوانرێت هاوڵاتی قەناعەت پێبهێنرێت لەم پێناوەدا بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆی لەبیربكات؟**

- ئێمە دەبێت لێرەدا دوو شت لەبەرچاو بگرین، یەكەمیان بریتییە لە هاوڵاتی وەك بەشداربوویەك لە هەڵبژاردنەكاندا، واتە وەك دەنگدەرێك، دووەم ئەوەیە سیاسەت لەسەر ئاستی كۆمەڵگە بەهۆی تاكە كەسەكانەوە دادەڕێژرێت و پیادە دەكرێت، مەبەستم ئەوەیە كاتێك هاوڵاتی بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا دەكات، ئەوا چاوەڕێی دەكرێت وەك دەنگدەرێك رەفتار بكات، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەو كەسێكە پەیوەستە بە پێكهاتەیەك یان گروپێكی سیاسی دیاركراوەوە لە كۆمەڵگەدا، كە پێم وایە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی باشترین رێگە ئەوەیە هەوڵی هێنانەدی هاوسەنگییەك بدرێت لە نێوان ئەو پێكهاتە و گروپە جیاوازانە كە لەسەر ئاستی كۆمەڵگە بوونیان هەیە. بە چەشنێك من پێم وایە پێش هێنانەدی ئەم هاوسەنگییە ناتوانین باس لە بوونی بەرژەوەندی گشتی بكەین.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم لەو وڵاتە دیموكراسییانەی كە بایەخ بە پرس و كێشە محەلییەكان نادرێت، ئەوا ئەو دیموكراسییەتە لەسەر بناغەیەكی لەرزۆك بنیاتنراوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر گرنگی بە كێشە محەلییەكان بدرێت و خواست و داواكارییە محەلییەكان بكرێنە بەشێك لە ئەجێندا و كارنامەی رژێمی دەسەڵاتدار، ئەوا ئەو دیموكراسییەتە سەركەوتوو دەبێت و زیاتر درێژە دەكێشێت.

**بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی باشترین رێگە ئەوەیە هەوڵی هێنانەدی هاوسەنگییەك بدرێت لە نێوان ئەو پێكهاتە و گروپە جیاوازانە كە لەسەر ئاستی كۆمەڵگە بوونیان هەیە**



## مارک وارن بۆ گوڵان:

# لە کۆمەڵگەی دیموکراسی لەسەر پرسە چارەنووسساز و سەرەکییەکان کۆدەنگی لە رای گشتیدا دروست دەبێت، جیاوازییەکان لەسەر شتی دیارکراو دەبن

**پرۆفیسۆر مارك وارن ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و سەرۆکی بەشی دیراساتی دیموکراتییە لە زانکۆی ناوبراو، پێشتریش سەرۆکی بەشی حکومەت لە زانکۆی جۆرج تاون بووە. بۆ قسەکردن سەبارەت بە پرۆسەی دەنگدان لە سیستەمە دیموکراتییەکان و کاریگەری بەشداری فراوانی هاوڵاتییان لەو پرۆسەیە، پرۆفیسۆر وارن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



*** بۆچی گرنگە رێژەیەکی گەورەی دەنگدەران بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟ ئایا ئەگەر رێژەیەکی فراوانی هاوڵاتییان بەشداری نەکەن، گومان دەکەوێتە سەر شەرعییەتی هەڵبژاردنەکە؟**

- لە راستیدا رێژەی بەرزی بەشداربوون ئاماژەیە بە شەرعییەتی هەڵبژاردنەکان، لەم روانگەیەوە ئەگەر دەنگدەران بە رێژەیەکی گەورە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرد، ئەوا ئەم حاڵەتە دەرئەنجامی حکومدانی هاوڵاتییانە بەوەی یان هەڵبژاردنەکان شەرعی نین، یاخود کارا و کاریگەرنین و شایستەی ئەوەنین بەشدارییان تێدابکرێت، بۆ نموونە ئەگەر تیرِوانینەکە ئەوەبوو کە بریارەکان لەلایەن لیژنەی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانەوە دەرناچن، بەڵکو لە ئەنجامی کۆبوونەوەو گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە دەردەچن. هەروەك ئێوەش دەزانن لە زانستی سیاسەتدا گرنگی بە هەڵبژاردنی دووەم دەدرێت وەك ئاماژەیەك بۆ سەرکەوتوویی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی، ئەویش ئەگەر ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا بهێنێتەدی و براوەکان دەسەڵات بگرنەدەست و دۆڕاوەکان دەستی لێهەڵبگرن، واتە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بێت.

*** کۆمەڵگەی دیموکراتی بە دوو سیمای سەرەکی دەناسرێتەوە، یەکەمیان بوونی فرەحزبی و رای جیاواز، دووەمیان دروستبوونی رای گشتی، بێگومان رای گشتی جۆرێك لە کۆدەنگی خەڵك دەخاتە روو، فرەحزبیش بەرژەوەندی جیاواز. ئایا چۆن بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە ناو رای گشتیدا کۆدەبنەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، لە دیموکراسییە دێرینەکاندا زۆربەی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە لە بواری رای گشتیدا دەکەن، پێیان وایە لە نێو هاوڵاتییانی ئەو وڵاتانەدا ئیجماعێکی بنەڕەتی لەسەر گرنگی و بایەخی هەندێ لە مەسەلەکان وەك دیموکراسی هەیە، ئازادی رۆژنامەگەری، ئازادی کۆبوونەوەو رادەربرِین، هەروەها بیروبۆچوونی جیاوازییان لەسەر هەندێ لە مەسەلە و سیاسەتە دیارکراوەکان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیجماعێکیان لەسەر گرنگی و نرخی هەندێ لە مەسەلە بنەڕەتییەکان هەیە، ئەوا لە رێی رادەربرِین لە رۆژنامەکان، گفتوگۆ و دەنگدانەوە جیاوازییەکانیان یەکلادەکەنەوە، نەك لە رێی بەرهەڵستی چەکدارییەوە. کەواتە ئەو دیموکراسیەتەی فرەحزبی پیادەی دەکات باشتر سەرکەوتوو دەبێت کە تێیدا کۆدەنگییەك لەسەر هەندێ مەسەلەی بنەڕەتی لە ئارادابێت و لە رێی گفتوگۆ و دەنگدانەوە ئیدارەی جیاوازییەکانیان بکەن.

*** ئایا چۆن بتوانین وا لە هاوڵاتییان بکەین بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دابنێت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی من پێم وایە ئەگەر ئاسایش و ئەمنیەتی هاوڵاتییان دابینکرابێت، ئەمنیەتی شەخسی و ئەمنیەتی ئابووری، ئەوا ئەو کاتە ئەگەری ئەوە کەمدەبێتەوە کە زیاتر تەرکیز لەسەر بەرژەوەندییە شەخسی و حزبییەکان بکرێت و ئەو کاتە ئاسانتر دەتوانرێت خەڵکی رابکشرێن بۆ گرنگیدان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان، کەواتە لێرەدا ئەم پرسە تا رادەیەك پەیوەستە بە باری سایکۆلۆجی کەسەکانیشەوە، لێرەدا دەبێت بایەخێکی تایبەت بە دابینکردنی ئەمنییەت بە شێوەیەکی گشتی بدرێت.

*** ئایا پەروەردە رۆڵی لەم پرۆسەیەدا چییە؟**

- پەروەردە رۆڵێکی گرنگ و سوودبەخشی

**ئەگەر ئاسایش و ئەمنیەتی هاوڵاتییان دابینکرابێت، ئەو کاتە ئەگەری ئەوە کەمدەبێتەوە کە زیاتر تەرکیز لەسەر بەرژەوەندییە شەخسی و حزبییەکان بکرێت**

**من نازانم چۆن دەتوانرێت ناسنامەیەکی هاوبەش لە عێراقدا دروست بکرێت، لە کەنەدا بە ئاسانی دەتوانرێت ئەم ناسنامەیە دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا کەنەدا وڵاتی کۆچبەرانە**

هەیە، بە مەرجێك لە پرۆسەی پەروەردەدا جەخت لەسەر چاندن و پەرەپێدانی بەهاکانی وەك لێبووردەیی، رەفتاری مەدەنی، تێگەیشتن لە مافەکانی مرۆڤ و رێزگرتن لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان بکرێتەوە.

*** چۆن بتوانین هاوسەنگییەك رابگرین، یان دروست بکەین لە نێوان پاراستن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئێتنییەکان و هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لە راستیدا زۆرجار کێشەکە ئەوەیە سەرکردە سیاسییەکان زەقکردنەوەو وروژاندنی کێشەی ناسنامە ئێتنییەکان بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن، بۆ نموونە هێزەکانی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ دوای ئەوەی هەڵسەنگاندنیان بۆ کێشە سەرەکییەکانی ئەو ناوچەیە کرد، گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێت گرنگی بە کێشەی دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و چاککردنەوەی تۆڕی ئاو بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش موسڵمان و مەسیحی و لایەنە جیاوازەکانی دیکەیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەکارهێنا، بۆیان دەرکەوت ئەوەی ئەم لایەنە جیاوازانە پێکەوە کۆدەکاتەوە، زۆرتر لەوەی لێکیان جیادەکاتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە بۆیان دەرکەوت ئەم ئەزموونە عەمەلییانە زیاتر دەبنە هۆی لێکنزیککردنەوەی ئەو لایەنانە و هێورکردنەوەی ناکۆکییە ئێتنییەکان و زۆرجاریش سیاسەت لێکیان دادەبڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ئەزموونی کۆسۆڤۆ جیاوازبێت لە عێراق، لەبەر ئەوەی کۆسۆڤۆ بە تەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتی ناتۆدا بوو، واتە ناتۆ دەیتوانی بە ئاسانی ئەو سیاسەتە پیادە بکات کە بە گونجاوی دەزانێت.

*** لە دیموکراسیدا پتر بایەخ بە کێشە و پرسە مەحەلییەکان دەدرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەم سیاسەتە مەحەلییانە بگۆڕێن بۆ ئاستی سیاسەتی نیشتمانی لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم ئامانجە بهێنینەدی؟**

- ئەگەر بە راشکاوی بدوێم من نازانم چۆن دەتوانرێت ناسنامەیەکی هاوبەش لە عێراقدا دروست بکرێت، هەرچەندە دەبێت ئەو ناسنامەیە سروشتێکی مەدەنییانەی هەبێت، هەروەها دەبێت ناسنامەیەکی بەهێزیش بێت، لە کەنەدا بە ئاسانی دەتوانرێت ئەم ناسنامەیە دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا کەنەدا وڵاتی کۆچبەرانە، واتە ئەو کەسانەی هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە، بە ئارەزوو ئیختیاری خۆیان هاتوون و وڵاتی خۆیان جێهێشتووە، هەرچەندە لە کەنەدا داوا لە کەس ناکرێت دەستبەرداری لایەنی ئێتنی خۆی بێت، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی لە کەنەدا مێژوویەکی دوورودرێژی شەڕ و ناکۆکی ئێتنی نەبووە، ئەوا بە ئاسانی دەتوانرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت.

*** واتە ئەم کێشە و ناکۆکییە ئێتنییانە کێشەگەلێکی مێژووین؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی وڵاتی کەنەدا ئەوا لەم وڵاتەدا لێبووردەیی بەشێکی بەهێزی ناسنامەی نیشتمانی ئەو وڵاتەیە، بە چەشنێك ئەگەر ئەو کەسانەش رووبکەنە کەنەدا کە لە وڵاتێکەوە هاتبێتن کە ناکۆکیی و توندوتیژی و شەڕی ئێتنی تێدا بووبێت، ئەوا هەلومەرجێك نابیننەوە بۆ برەودان بەم نەزعەی ناکۆکی و توندوتیژییە، بە پێچەوانەوە دەبێت ئاوێتەی کلتوورێك بن کە ناچاریان دەکات رێز لە جیاوازییەکان بگرن. لە لایەکی دیکەوە زۆربەی ئەو کەسانەی رووبانکردۆتە کەنەدا، بەدوای هەلی کار و ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن و کەمتر بایەخ بەو کێشانە دەدەن.

*** هەندێ لایەنی دیکەی دیموکراسی هەن کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بوونە هۆی هەرسهێنانی سیستەمە سیاسییەکە لە وڵاتەکەدا، بۆ نموونە لە یۆگسلافیای پێشوودا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هەندێ جار هەڵبژاردنەکان ئەنجامی پێچەوانەوەو نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەس نین بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی، ئەو وڵاتانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکاندا، هۆکارەکە ئەوەبووە کە لە پاڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و چینی ناوەڕاست هەبوون، هەروەها ناسنامەیەکی ئێتنی دیارکراو زاڵ و باڵادەست نەبوون، کەواتە ناکرێت سەرکەوتنی دیموکراسی تەنها پەیوەست بکەینەوە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانەوە، بەڵکو دەبێت سەرەڕای هەڵبژاردنەکان چەند پرس و مەسەلەیەکی دیکەش لەبەرچاوبگیرێن، هەروەها ناکرێت چاوەڕوانی ئەنجامێکی ئیجابی بکەین لە هەڵبژاردنەکان ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای ناکۆکی و دابەشبوونە تائیفییەکان بن، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە مەترسی ئەوە دروست دەبێت کە ئەگەر لایەنێکی دیارکراو دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەوا دژی لایەنەکانی دیکە بەکاری بهێنێت، ئەمەش مەترسی ئەوە دروست دەکات لایەنە جیاوازەکان پەناببەنە بەر ئامراز و شێوازی دیکە لە دەرەوەی هەڵبژاردن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکە. بەڵام من پێم وایە رەنگە گرتنەبەری تەرتیباتێکی تەوافوقی لە عێراقدا کارێکی باش بێت، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندا پیادە کراوە، یاخود لەو وڵاتانەی کە بە دەست ناکۆکی تائیفی قووڵەوە دەناڵێنن، هەروەها رەنگە جێگیرکردن و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی ئەم فیدراڵییەتەدا لە نێوان هەرێمەکاندا کارێکی باش بێت.

*** چۆن بتوانین کار بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکەین؟ ئایا ئەمە کارێکی مومکینە؟**

- من پێم وایە ئەمە دەوەستێتەسەر تێگەیشتن، یاخود تێڕوانینی خەڵك بۆ گرنگی و بایەخی هەڵبژاردنەکان، بە دەربڕینێکی دیکە ئایا خەڵکی پێیان وایە هەڵبژادنەکان گۆڕانکاری و جیاوازیی دروست دەکەن، ئایا باوەڕیان وایە ئەو حکومەتەی لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە پێکدەهێنرێت، دەتوانێت کێشەکانی وڵاتەکە چارەسەربکات؟ کە هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر ئەوەی خەڵکی بەشداریکردن بە گرنگ بزانن، دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هیوادارم هەڵبژاردنەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچن و حکومەتێك لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە دروست ببێت کە خەڵکی بە حکومەتێکی شەرعی بزانن و تێڕوانینیان وابێت کە شایستەی ئەوەیە پشتگیری لێبکرێت.

**ئەو وڵاتانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکاندا، هۆکارەکە ئەوەبووە کە لە پاڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و چینی ناوەڕاست هەبوون**

**رەنگە گرتنەبەری تەرتیباتێکی تەوافوقی لە عێراقدا کارێکی باش بێت، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندا پیادە کراوە**

# هەڵبژاردنی عێراق و گەمەی دوورخستنەوەو گێڕانەوە



سامی شۆڕش
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

هەیئەتـــی تەمییـــزی عێراقی، کە هەیئەتێکی قەزاییـــەو لە حەوت قازی پێکهاتـــووەو ئەرکەکەی ســـەیرکردن و پێداچوونـــەوەو لـــێ ورد بوونەوەیە لە بڕیارەکانـــی هەیئەتی لێ پرســـینەوەو دادپەروەری، هەیئەتەکە لە چەند ڕۆژی رابـــردوودا بڕیارێکـــی زۆر نابەجێ و خراپی لە بارەی چارەنووسی ئەو کەس و کیانە سیاسییانەوە دا کە پێش ماوەیەك لێ پرسینەوەو دادپەروەری بڕیاری دوور خستنەوەیانی دابوو لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیی عێراق کە وا چاوەڕوان دەکرێت لە حەوتی مانگی سێ (ئازار) دا بەڕێوە بچێت.

ناوەرۆکی بڕیارەکەی تەمییز ئەوەیە کە ئیتر ئەو کەس و کیانانە مافی بەشداری کردنیان هەیـــە لە هەڵبژاردن، بەڵام بەو مەرجەی (حەســـانە) نەدرێت بەو کەسە و کیانانـــەی کە لە هەڵبژاردن دەردەچن تا دوای ســـەیرکردن لـــەو تعوونانەی پێشکەشی هەیئەتەکە کراوە لە بارەیانەوە. تۆمەتی زۆربەی ئەوانەیش کە بڕیاری دوور خســـتنەوەیان درابـــوو ئەوەیە کە پێشـــتر بەعسی بوون یان تا ئێستاش لە بواری بەعسیاتیدا چالاکن. مەعلوومە، بڕیـــارەکان ئەگەرچـــی زۆرتر هێزی سیاسی و خەڵکی ســـەر بە پێکهاتەی ســـوننەی عەرەبی گرتبـــۆوە، بەڵام لە تـــەك ئەوانەدا، هێزو خەڵکانی شـــیعەو کوردیشـــی تێدا بوو. هەروەها بڕیارەکان هەڵلایەکی زۆریشـــیان نایەوە چ لەسەر ئاستی ناوەخۆو چ لەسەر ئاستی ناوچەو چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

دیـــارە، ئەمریکاییـــەکان کە ئێســـتا خۆیان بۆ پرۆســـەی کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانیان لە خاکی عێراق ئامادە دەکەن و دەیانەوێت بەر لە کشـــانەوەی ئەو هێزانـــە هەموو گرفتە سیاســـییە ناوخۆییەکانی عێراق چارەســـەر بکەن، بڕیارەکانـــی هەیئەتی لێ پرســـینەوەو دادپەروەرییـــان زۆر بەلاوە ناخۆش و لە دڵیان گران بوو. بۆیە، هەر زوو جێگری ســـەرۆکی ئەمریکی جۆزیف بایدن بە پەلە گەیشتە بەغداو فشارێکی زۆری بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی عێراق هێنا تا چارەســـەرێکی گونجاو بۆ بڕیارەکان بدۆزنەوەو هەتا رادەیەکیش پاشەکشە لەو بڕیارانـــە بکرێت و ڕێگـــە بە خەڵکەکە بدرێت بەشـــداری لە هەڵبژاردن بکەن. مەعلوومە، واشـــنتۆن ماوەیەکە، بگرە پتر لە دوو ساڵە، هەوڵێکی زۆر دەدا بۆ ئەوەی بەعسییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی دەستیان ســـوور نییە بە هیچ تاوانێکی خوێنـــاوی دەرهەق بـــە عێراقییەکان، بگێڕێتـــەوە ناو پرۆســـەی سیاســـی. ئەمریکا پێی وایە هەتا ئەو بەعسیانە، یان وردتـــر پاشـــماوەکانی بەعس، بە شـــێوەیەك لە شـــێوەکان، نەخرێنەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراقەوە، ئەوا ڕەنگە عێراق بـــۆی نەکرێت چەند شـــتێکی گرنگ ئەنجام بدات:

یەکـــەم، نەتوانێـــت ســـەقامگیری و ئاسایشـــی ناوەخـــۆ دابمەزرێنێت و بـــارە ئەمنییە خراوو لەنگەکە راســـت بکاتەوە. دووەم، نەتوانێت پەیوەندییەکی گەرموگـــوڕ لە نێوان عێـــراق و فەزا ناوچەییەکەی دابمەزرێنێت بە تایبەتی لـــە ناوچەی کەنداودا جـــا چ لەگەڵ کوێت و چ لەگەڵ ســـەعوودی و بگرە چ لەگەڵ میســـرو زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبیدا. ســـێیەم، نەتوانێت ڕێگری لە دەســـەڵات و نفووزی ئێـــران بکات کە خەریکە بە تەواوەتی خۆی لە ناو بەغداو خواروی عێراق بڵاو دەکاتەوە. چوارەم، نەتوانێت وەکو پێویســـت زەمینە خۆشی لەبەردەم کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بـــکات و هەموو فایلـــە ئەمنییەکانی خۆی بگرێتە دەست.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، پێش پتر لە ساڵێك، واشـــنتۆن فشارێکی زۆری بۆ ســـەر حکومەتی نوری ئەلمالیکی هێنا تا ڕێگەی سازشـــێکی سیاســـی لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس و عەشایری ســـوننەی عەرەب بدۆزێتەوە. ئەوە بوو، ئەلمالیکی لەو کاتەدا خەریکی فشـــار هێنان بوو بۆ ســـەر کوردو دەیویســـت بـــە هـــەر نرخێك بێت خـــۆی لە مافە دەســـتوورییەکانی کورد بدزێتەوە، بۆیە هەر زوو قبوڵی ئەوەی کرد لەگەڵ کۆنە ئەفسەرەکانی بەعس و هەندێك ناوەندی سیاسی و چەکداریی دەرەوەی پرۆسەی سیاســـیی عێراق و لەگەڵ عەشـــایرە عەرەبەکانی ناوچەی ئەلئەنبار بکەوێتە گفتوگۆ. مەبەســـتی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەو گفتوگۆیانە ئەوە بوو: یەکەم، ئەمریکاییەکان قەناعەت پێ بکات کە پشتی حکومەتەکەی بگرن لە بەرامبەر نەیارەکانی ناوەخۆ. دووەم، زۆرترین خەڵك و هێزی سیاسی و عەشایری عێراق لە دژی کورد کۆبکاتـــەوەو لەم قۆناغەدا سەر لە نوێ کورد بە مێردەزمەی بەعس بترسێنێت. سێیەم، پشتگیریی بەشێکی

گرنگی پێکهاتەی سوننەی عەرەبی بۆ خۆی و حزبەکەی و حکومەتەکەی مسۆگەر بکات. چوارەم، وا نیشان بدات کە لە دەرەوەی نفووزی ئێرانە. لەبەر ئەو چوار هۆیانە، ئەلمالیکی پێش پتر لە ساڵێك، بێ سێ و دوو، کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس. چەند کۆنە ئەفسەرێکی بەعسی لە عەممانی پایتەختی ئوردون گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ. هەروەها چەند پاشماوەیەکی بەعس لەوانەی لە پاریس و قاهیرە نیشتەجێن گەڕانەوە بەغداو دەستیان بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ ئەلمالیکی.

دیارە، یەك لە ئەنجامەکانی ئەو گفتوگۆ راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانە ئەوە بوو لە ئەلئەنبار چەند سەرۆك عەشیرەتێکی سوننەی عەرەب چەکیان بۆ ئەلمالیکی هەڵگرت. هەروەها لە موسڵ پاشماوەکانی بەعس ئەنجومەنی پارێزگای موسڵیان گرتە دەست و بە پیلانێکی رەش لیستی برایەتیی نەینەوایان لە ئەنجومەنەکە دوور خستەوە. ئینجا لە لای سێیەمەوە، بە سەدان ئەفسەرو دەرەجەداری بەعسی هاتنەوە ناو دەزگا ئەمنییەکان و سوپای عێراق و زۆربەشیان لەو ناوچانەدا بڵاوەیان پێ کرا کە بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەناسرێن وەك کەرکووك و جەلەولاو قەرەتەپە.

بەڵام، وەك ئاشکرایە، ئەلمالیکی وا نەبێت تەنیا فشاری ئەمریکای بەسەرەوە بێت، بەڵکو زۆر جار دەکەوێتە ژێر کارتێکردنەکانی دەوڵەتی ئێرانیش. بۆیە، کاتێك تاران نارەزایی خۆی بەرامبەر هەنگاوەکانی ئەلمالیکی دەربڕی، سەرۆك وەزیرانی عێراق بە پەلە لە بڕیارەکانی خۆی پاشگەز بووەوەو پشتی لەو بانگەشەیەی خۆی کرد کە بە ناوی ئاشتەوایی نیشتمانی هەڵیدا بوو. بەڵام دیار بوو، هەر زوو پاشماوەکانی بەعس و هێزە سیاسییەکانی ناو پێکهاتەی سوننەی عەرەب زانیان ئێران نایەوێت ئەوان بگەڕێنەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراقی. هەروەها نایەویت سوننەی عەرەب لەگەڵ واشنتۆن پەیوەندییەکی بەهێزو تۆکمە دروست بکات. ئینجا کاتێك لە مەسەلەی یاسای هەڵبژاردندا جێگری سەرکۆماری عێراق تاریق ئەلهاشمی توانی سەرکەوتنێکی بەرچاو بە دەست بهێنێت، پاشماوەکانی بەعس باوەڕێکی گەرمیان بە مەسەلەی ئەوە پەیدا کرد کە دەرفەت زۆرو فراوانە بۆ ئەوەی خۆیان بخزێننە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق و ئیتر لەمەودوا لە رێگەی پەرلەمان و ناوەندە حکومییەکانەوە هەوڵی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان بدەن.

لەو بەرامبەرەدا، ئێران و هێزە سیاسییەکانی شیعەی عێراقیش هەستیان بە زەرەرو زیانەکانی ئەو هەڵوێستە تازەیەی بەعس کرد. هەروەها زانیان ئەگەر پاشماوەکانی بەعس بەم گەرموگوڕییە بێنەوە ناو مەیدانی سیاسی، ئەوا رەنگە دەسەڵاتی ئەوان لە عێراقدا سەر لە نوێ روو لە کز بوونەوە بکات. بۆیە، روویان لەوە کرد بە پەلە رێگە چارەیەك بۆ گەمارۆدان و تەفروتونا کردنی ئەو شێوازە تازەیەی کارکردنی بەعس بدۆزنەوە. ئەوە بوو، لە رێگەی هەیئەتی لێ پرسینەوەو دادپەروەری، کە تەنیا چەند ئەندامێکی کەمی شیعەی تێدایەو سەرۆکایەتییەکەی لای ئەحمەد چەلەبییە، ئەو بڕیارانەیان دەرکرد لە بارەی دوور خستنەوەی پاشماوەکانی بەعس لە پرۆسەی هەڵبژاردن، کە مەبەستە سەرەکییەکەی رێگەگرتن بوو لەوەی پاشماوەکانی بەعس بێنەوە ناو پرۆسەی سیاسی.

ئەوەی راستی بێت، ئەمریکا رەنگە پتر لە شیعەکان رقی لە بەعس ببێتەوەو لە دڵەوە حەز بە گێڕانەوەیان نەکات بۆ ناو پرۆسەی سیاسی. بەڵام دیارە ئامانجەکانی لەم قۆناغەدا ئەوە دەخوازن یاری بە گوریسی بەعس و پاشماوەکانی بەعس بکات بۆ ئەوەی وەك کارتێکی سیاسی لەبەرامبەر ئێران بەکاریان بهێنێت. بەڵام شیعەی عێراق، ئەوانەی تا ئەندازەیەك قبوڵیانە پاشماوەکانی بەعس بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان تا لە دژی کورد بەکاریان بهێنن، ترسێکی زۆریان لەو گەمەیەی ئەمریکا هەیە. ترسەکە ئەوەیە واشنتۆن ئەو پاشماوانە هەر لە دژی ئێران بەکار نەهێنێت، بەڵکو لە دژی شیعەی ناو عێراقیش بەکاریان بهێنێت. ئینجا ترسی ئەوەیانە ئەم پاشماوانە بە هۆی پشتگیریی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دەوروپشت، بە تایبەتی سەعوودی، سەر لە نوێ بگەڕێنەوە سەر تەختی حوکم بە تایبەتی لە رێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە وەك جار جارە باس دەکرێت.

بۆیە، بە هەموو شێوازێك هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی بڕیارەکەی هەیئەتی تەمییزی عێراقی دەدەن. دوا هەوڵ لەم بوارەدا ئەوەیە کە روو کراوەتە دادگای فیدرالی بۆ ئەوەی لە بارەی بڕیارەکەی هەیئەتی تەمییز قسەی خۆی بکات. رەنگە دادگاکە قبوڵی بڕیارەکەی هەیئەتی تەمییز بکات. رەنگیشە رەتی بکاتەوەو سەر لە نوێ رێگە لە گەڕانەوەی ئەو کەس و کیانانە بگرێت لەوەی بێنەوە ناو بازنەی هەڵبژاردن.

بەڵام بە هەر حاڵ و هەر چییەك بێت دوا قسەی دادگای فیدراڵی، شەڕ شەڕی ئەمریکاو ئێرانە لە سەر خاکی عێراق. ئینجا شەڕ شەڕی شیعەو عەرەبی سوننەیە. زەحمەتە کورد بتوانێت خۆی دوور بگرێت لەو دوو شەڕە. بەڵام وا چاکە رێگەیەکی ئەوتۆ بگیرێتە بەر کە سێ جەمسەری بەرچاوی هەبێت: یەکەم، خۆ دوور بگرین لە هەر دوو شەڕەکە. دووەم، تا بتوانین نەهێڵین پاشماوەکانی بەعس، چ بە شێوەیەکی راستەوخۆو چ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، جارێکی دیکە لە عێراق دەسەڵات و نفووز پەیدا بکەن، یان مەترسی دروست بکەن بۆ ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ سەر حوکم. سێیەم، یەك ڕیزی و یەك هەڵوێستی لە کوردستان بپارێزین و نەهێڵین ئەمجۆرە رووداوانەی دەرەوەی چوارگۆشەی کوردستان کار لە بەرنامە ستراتیژییەکانی کورد بکات.

ئەلمالیکی بۆچی لەگەڵ ئەفسەرە کۆنە بەعسییەکان کۆبۆوە؟

واشنتۆن ماوەیەکە، بگرە پتر لە دوو ساڵە، هەوڵێکی زۆر دەدا بۆ ئەوەی بەعسییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی دەستیان سوور نییە بە هیچ تاوانێکی خوێناوی دەرهەق بە عێراقییەکان، بگێڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی

مالیکی بۆچی لەگەڵ ئەفسەرە کۆنە بەعسییەکان کۆبۆوە؟

# سیاسەت لە نێوان حزبایەتی و بەرژەوەندی گشتیدا

ئەگەر بۆ پێناسەی سیاسەت بگەڕێنەوە بۆ ئەرستۆتالیس، ئەوا پێوەری سیاسەت بەرژەوەندی گشتی و خێری گشتییە، دەستوورە باشەکان دەسەڵاتێك پیادە دەکەن کە ڕەنگدانەوەی خێری گشتییە. کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە سیاسەت ئەگەر لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی یان خێری گشتیدا نەبوو، ئەوە سیاسەت نییە و ئەرستۆ ئەمەی بەلادان لە سیاسەت لە قەڵەم داوە و هەر لەسەر ئەم پۆلێنەش حکومڕانی باش و خراپی لێکجیاکردۆتەوە، بەڵام لە زەمانی ئەرستۆوە تا دەگاتە ئەمڕۆ ئیشکالیەتێك لە نێوان پێناسەی سیاسەت وەك خێر و بەرژەوەندی گشتی و سیاسەت وەك بچووککردنەوەی بۆ بەرژەوەندی تاك و دواتریش بۆ بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان، دیاردەیەکە بوونی هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئیشکالیەتی نێوان پێناسەی سیاسەت و پیادەکردنی سیاسەت زیاتر دەبێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە چەند پسپۆڕێکی فەلسەفەی سیاسەت لەم ڕاپۆرتە بەشداریان کردوین و هەموویان ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکەن، کە جیاوازی و ئیشکالیەتی نێوان پێناسەی سیاسەت هەر دەمێنێت، لەبەر ئەوە سیاسەت وەك پێناسە و وەك پیادەکردن، دوو سرووشتی لێك جیاوازن.



**جولی نۆفۆکۆف ئوســـتادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەلبانی و تایبەتمەند لەسەر دیراساتی جەندەر و بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسیشە لە زانکۆی ناوبراو، بۆ قسەکردن لەسەر پیادەکردنی سیاسەت لەسەر ئەرزی واقیع و پێناسەی فەلسەفی سیاسەت، خاتوو جولی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**جولی نۆفۆکۆف بۆ گوڵان:**

# هەتا عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوونی نەبێت ناتوانرێت سیاسەتی لۆکاڵ بگۆڕدرێت بۆ سیاسەتی نیشتمانی

*** بە پێی پێناسەی فەلسەفی سیاسەت، دەبێت سیاســەت لە بەرژەوەندی هەموو کەسێکدا بێت، بەڵام لە کاتــی جێبەجێکردنیدا دەبینین هەندێ جار سیاسەت هەڵگری ئەم مانایە نابێت. کەواتە بەپێی تێڕوانینی ئێوە جیاوازی لە نێوان پێناسەی سیاسەت و جێبەجێکرنیدا چییە؟**

- ئەمە پرســیارێکی زۆر گشــتییە، لە بواری دیراســەتی مندا لەســەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئێمە پێناسەی جیاوازمان بۆ سیاسەت هەیە، هەندێ جار سیاسەت پەیوەستە بەوەی چ لایەنێك چی بەدەست بهێنێت و بۆچی، هەروەها سیاسەت پەیوەستە بە پرسی دەسەڵاتەوە.

*** کەواتــە چۆن دەتوانرێت لــە کۆمەڵگەیەکی دیموکراســی و لە پێناو هێنانــەدی بەرژەوەندی هاوبەشــدا، ئیــدارەی ئەو سیاســەتە جیاوازانە بکرێت؟**

- لە راستیدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خەڵکی بۆچــوون و بەرژەوەندی جیاوازیــان هەیە، ئەوا زەحمەتــە بتوانرێت سیاســەتێك پیادەبکرێت کە ئــەو تێڕوانینە بهێنێتە ئاراوە کە ئەم سیاســەتە پەیڕەوکــراوە خزمەت بە بەرژەوەنــدی تێکڕای لایەنەکان دەکات، من پێم وایە باشترین ڕێگاچارە لــەم رووەوە بریتییە لە چەســپاندنی بنەماکانی دادپەوەرەری، وەك دابەشکرنی عادیلانەی داهات و سەروەت و ســامان و رەخسانی هەلی یەکسان بۆ هەمووان. ئەو کەســانەی دەســتووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان نووسیوەتەوە، پێیان وایە سرووشــتی ئینسانەکان بەو شێوەیە، لەبەر ئەوە دەبێت دامەزراوە سیاســییەکان بە شێوەیەك بنیاتبنرێن کە هیچ لایەنێك ئیمتیاز و پێگەیەکی باشــتری لەســەر حســابی لایەنە رکابەرەکانی نەبێت.

*** چۆن پارتە سیاســییەکان دەتوانن سیاسەتی محەلی بگۆڕن بۆ سیاسەتی نەتەوەیی؟**

- ئەمە کارێکــی زەحمەتە لەبــەر ئەوەی هەر پارتێکی سیاســی پێــی وایە ئــەو تێڕوانین و بەرنامەیەی ئەو هەڵگریەتی بە باشــترین شێوە پەرە بــە بەرژەوەندییەکانــی کۆمەڵگە دەدات و لەم رووەوە کار و کۆشش بۆ سەرخستنی دەکات، ئاشکراشــە کە لەم پرۆســەیەدا بــراوە و دۆڕاو هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەمە پرۆســەیەکی بەردەوامە و هیچ لایەنێــك بۆ هەتایە هەتایە و بۆ یەکجاری ناتوانێت براوە بێت. ئەگەر ئێمە لە دۆخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕوانین، ئەوا تێڕوانینێکی هاوبەش بەدی ناکەین لە بارەی ئەوەی چ شــتێك بە بەرژەوەنــدی نەتەوەیی و نیشتمانی دابنرێت، واتە لەم رووەوە بیروبۆچوونی جیاواز لە ئارادایە، بە چەشنێك ئەوەی کەسێك بە بەرژەوەندی نیشتمانی دەزانێت، رەنگە کەسێکی دیکە قەناعەتی پێچەوانەی هەبێت.

*** چــۆن دەکرێت وا لە تاکە کــەس بکەین کە بەرژەوەندییەکانــی خــۆی لــە چوارچێــوەی بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا ببینێت؟**

- بە شــێوەیەکی گشــتی تاکە کەســەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پتر ســەرقاڵن بە بەرژەوەندییــە تایبەتییەکانی خۆیانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پابەندن بە بوونی ناســنامەیەکی گشــتیەوە، کە ئەویــش بریتییە لــەوەی ئەوان ئەمریکیــن و هاوڵاتی وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکان. بــە دڵنیاییــەوە تێڕوانینی پارتە سیاسییەکان بۆ ناسنامەی گشتی و بەرژەوەندی گشــتی لە چوارچێوەی پەیوەندی ئەم پارتانەدا بــە دەوڵەتەکەوە دێت، کە مــن پێم وایە دۆخەکە باشتر دەبێت ئەگەر زیاتر لە دوو پارتی سەرەکی لە ئارادابێت.

*** بــە پێــی لێکدانــەوەی ئێوە، لــە قۆناغی ئینتیقالیدا، چۆن دەتوانرێت پرۆسە دیموکراتییەکە بەرەوپێشببردرێت و تاکە کەسەکانیش بگەڕێنرێنەوە بۆ ئینتیمای نەتەوەیی؟**

- ئەمە کارێکی زەحمەتە و ئەمە پێویســتی بە کات و پێویســتی بە کۆتایی هێنان بە شــەڕ و بنیاتنانی ئاشتی هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت ئەم ئامانجــە لە هەل و مەرجی شــەڕی ناوخۆییدا بهێنرێتەدی کە خەڵکی نیگــەران بن لە بارەی ئەمنیەتی خۆیانەوە.

**پرۆفیسۆر ستیڤن ڤاندەرهایدن ئوستادی فەلسەفە و زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کۆلارادۆ و تایبەتمەندە لەسەر تیۆری سیاسەت و چەمکی فەلسەفی سیاسەت، بۆ قسەکردن لەسەر پیادەکردنی سیاسەت وەك خێری گشتی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، پرۆفیسۆر ڤاندەرهایدن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**ستیڤن ڤاندەرهایدن بۆ گوڵان:**

# هەندێ جار ئەو بارودۆخە دروستدەبێت کە هاوڵاتییان دەبێت بەرژەوەندی گشتی هەڵبژێرن نەک بەرژەوەندی تایبەتی

ئەوەی هەموو کەس هاوڕایە و لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە کە دەبێت سیاسەت لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەکدا بێت ، بەڵام ئەمە زۆر بە دەگمەن روویداوە

*** بە پێی پێناسەی فەلسەفی سیاسەت، دەبێت سیاسەت بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنیدا دەبینین هەندێ جار سیاسەت هەڵگری ئەم مانایە نابێت. کەواتە بەپێی تیڕوانینی ئێوە جیاوازی لە نێوان پێناسەی سیاسەت و جێبەجێکرنیدا چییە؟**

- لە راستیدا ئەمە کێشە تەقلیدییەکەیە، لەبەر ئەوەی هەموو کەس هاوڕایە و لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە کە دەبێت سیاسەت لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەکدا بێت، بەڵام ئەمە زۆر بە دەگمەن روویداوە، واتە کێشە و تەحەدداکە ئەوەیە ئەمە لەسەر ئەزری واقیع رەنگبداتەوە.

*** کەواتە چۆن دەتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندی هاوبەشدا ئیدارەی ئەو سیاسەتە جیاوازانە کۆبکرێنەوە؟**

- لە راستیدا ئایدلۆژیا و بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان تیڕوانین و روانگەی جیاوازیان هەیە لە ئاست ئەوەی چی بە بەرژەوەندی گشتی و هاوبەش لەقەڵەم بدرێت، هەروەها لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسی دیارکراودا بۆچوونی جیاواز و ململانێ هەیە لە بارەی ئەوەی چ سیاسەتێك بە باشترین شێوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك دەکات. کەواتە ئەمە دەبێت لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی هەر وڵاتێکدا یەکلابکرێتەوە.

*** خەڵك چۆن لە پیادەکردنی سیاسەتی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە دەڕوانێت، ئایا بەڕای تۆ پەیوەندی نێوان خەڵك و حزبە سیاسییەکان چۆن رێکدەخرێن؟**

- ئەمە کارێکی کردەنی و مومکینە، هەروەها لە هەمان کاتدا کارێکی زەحمەتیشە لەبەر ئەوەی بە زۆری خەڵکی راستەوخۆ هەڵوێست لە ئاست ئەو سیاسەتانەدا وەردەگرن کە پەیوەستن بە کێشە و پرسە محەلییەکانەوە، کە من پێم وایە پێویستە پارتە سیاسییەکان بە چەشنێك رەفتار بکەن کە هەم بایەخ بە بەرژەوەندی و خواستە محەلییەکان بدەن و هەم بەرژەوەندییە نەتەوەیی و گشتییەکانیش لەبەرچاوبگرن.

*** بەڵام لە چ ساتەوەختێکدا خەڵکی پتر بایەخ بە سیاسەتی نەتەوەیی دەدەن؟**

- بە دڵنیاییەوە لەو کاتانەدا کە هەست دەکەن زیاتر کاریگەریی لەسەریان هەیە، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد خەڵکی زیاتر تیڕوانینیان لەسەر حکومەتە محەلییەکەیانە کە ئایا لە ئاست بەرپرسیارێتیدا و توانیویەتی ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات، هەروەك دەزانین دەستەواژەیەك هەیە کە دەڵێت «هەموو سیاسەتێك محەلییە» راستە سیاسەت

لەسەر ئاستی محەلی دەست پێدەکات، بەڵام لەوێدا کۆتایی پێنایەت.

*** بە پێی تیڕوانینی ئێوە، چۆن دەکرێت ئەم چوارچێوەیە دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەك بتوانن بەشداری لە دەرکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا بکەن؟**

- لە راستیدا ئەمە دەوەستێتە سەر ئەو سیستەمە سیاسییەی ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین، بە گوزارشتێکی دیکە دەبێت تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەر کۆمەڵگە و سیستەمێکی سیاسی لەم رووەوە لەبەرچاوبگرین، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو پارتێکی سیاسی کە بوونی هەیە بەشداری بکات لە پرۆسەی حکومڕانیکردندا، بەڵکو هەندێ جار پارتێکی سیاسی بە تەنها ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و دواتر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا خەڵکی بڕیاری ئەوە دەدەن ئایا شایستەی ئەوەیە دووبارە حکومڕانێتی بکات یاخود متمانە بە پارتێکی سیاسی دیکە دەدەن بۆ ئەوی جڵەوی حکومڕانێتیەکە بگرێتەدەست، کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر پارتێکی سیاسی نەیتوانی بە تەنها ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، ئەوا دەبێت پەنا بۆ هاوکاریکردن و پێکهێنانی هاوپەیمانێتی ببردرێت.

*** لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا، تاکە کەسەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەش پێکهاتووە لە تاکە کەسەکان، ئایا بەپێی تیڕوانینی ئێوە، چۆن دەکرێت وا لە تاکە کەس بکەین کە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا ببینێت؟**

- لە راستیدا ئەمە کێشەیەکە هەموو کۆمەڵگەیەك بەدەستییەوە دەناڵێنێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە تاکەکەسەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی بزانن، بۆ نموونە تاکەکەسەکان سەپاندنی باجێکی کەمتر، کەمکردنەوەی دەستێوەردان لە ژیانی شەخسی و تایبەتیاندا بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەزانن کە دەبێت لەم رووەوە کار و کۆشش بکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی دارشتنی ئەو سیاسەتانەدا کە ئامانج لێیان هێنانەدی بەرژەوەندی گشتییە ئەم پرس و مەسەلانە لەبەرچاوبگیرێن، بەڵام هەندێ جار ئەو دۆخە دروست دەبێت و وا دەردەکەوێت هاوڵاتییان دوو ئیختیاریان لەبەردەمدایە، یان ئەوەتا دەبێت بەرژەوەندی تایبەتی هەڵبژێرن، یاخود بەرژەوەندی گشتی، واتە هەڵبژاردنی یەکێکیان لەسەر حسابی ئەوی دیکەیان دەبێت، بەڵام من پێم وایە پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەم رووەوە رۆڵێکی گرنگ ببینین، ئەویش بە پێکەوە گونجاندن و یەکخستنی ئەم دوو بەرژەوەندییە لە یەك چوارچێوەدا، بە چەشنێك هاوڵاتییان وا هەست نەکەن کە ناچارن قوربانی بدەن بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە یان بەرژەوەندی گشتیدا، بەڵکو ئەم دوو بەرژەوەندییە ئاوێتەبکرێن و ببنە بەرژەوەندی هاوبەش.

*** چۆن بتوانرێت ئەم سیاسەتە راستبکرێتەوە؟**

- ئەمە ئامانجێکە بەدەستهێنانی زەحمەتە، کە رەنگە پێویست بە بوونی سەرکردەیەك بکات کە کار بۆ ئەوە بکات تێکڕای سەرکردەکانی دیکە بە ئاراستەیەك کار بکەن کە پتر بایەخ بە کێشە گەورەکانی دیکە بدرێت، ئەو کێشانەی گەورەترن لە پارتە سیاسییەکە و لە هەڵبژاردنەکەش، کە هەندێ جار ئەم سەرکردانە سەرکێشی دەرکردنی بڕیارێکی ناجەماوەریش دەکەن لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندییەکی گەورەتردا.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا، دەبینین هیچ پێکهاتەیەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەنگ نادات، بەڵکو لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دەنگ دەدەن. کەواتە بە پێی تیڕوانینی ئێوە، چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە لێکدەدەیتەوە؟**

- لە راستیدا زۆر زەحمەتە بتوانرێت کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو لە عێراقدا پێکبهێنرێت و لەم روانگەیەوە رەنگە باشترین رێگاچارە هێنانەئارای جۆرێك لە رێککەوتن بێت بۆ دابەشەکردنی دەسەڵات و کارکردن بە سیستەمێکی تەوافوقی، هەروەها دەرفەتدان بە هەر پێکهاتەیەك بۆ ئەوەی لە سنوورێکی دیارکراودا کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن. لە راستیدا هەموو ئەو کەسانەی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە، هاوڕان لەسەر ئەوەی دەبێت یەکەمجار کار بۆ دروستکردن و پێکهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو بکرێت، بە چەشنێك هەموو لایەك هەست بکەن کە ئینتیمایان بۆ کۆمەڵگەیەکی دیارکراو هەیە، ئەو کاتە بە ئاسانی دەتوانن بگەنە رێککەوتن لەسەر ئەوەی چ بە بەرژەوەندی هاوبەش لە قەڵەم بدرێت. هەرچەندە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە و کاتێکی زۆریشی دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەندێ لەو وڵاتانە بەدی دەکەین کە بۆ چەند سەدەیەکە توانیویانە ئەم ناسنامەیە دروست بکەن، کەچی هێشتا هەندێ جار گرژی و ناکۆکی دروست دەبێت لەسەر ئەوەی کێ سەر بەو کۆمەڵگەیەیە و کێ ئینتیمای بۆ نییە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە ئەم کێشانە تەنها پەیوەست نین بە عێراقەوە و تەنها لە عێراقدا بوونیان نییە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگەیەك خەباتی کردووە و کۆششی کردووە و دووچاری دژواری بۆتەوە لە پرۆسەی بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی و حکومەتێکی نیشتمانیدا.




**ئایدیۆلۆژیا و بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان تێڕوانین و روانگەی جیاوازیان هەیە لە ئاست ئەوەی چی بە بەرژەوەندی گشتی و هاوبەش لەقەڵەم بدرێت**

**پێویستە پارتە سیاسییەکان بە چەشنێک رەفتار بکەن کە هەم بایەخ بە بەرژەوەندی و خواستە محەلییەکان بدەن و هەم بەرژەوەندییە نەتەوەیی و گشتییەکانیش لەبەرچاوبگرن**

**پرۆفیسۆر جۆن مایەر ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لە زانکۆی ویسکۆسن پسپسۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر تیۆری سیاسیی هاوچەرخ و کۆن، بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی فەلسەفی سیاسەت و ئەو جیاوازییانەی لە نێوان و پێناسە و پراکتیزەکردنی سیاسەت دەردەکەون، پرۆفیسۆر مایەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



جۆن مایەر بۆ گوڵان:

# هەتا دەنگدان لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی بێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش رەنگدانەوەی ئەو دابەشبوونانە دەبن

*** بە پێی پێناسەی فەلسەفی سیاسەت، دەبێت سیاسەت لە بەرژەوەندی هەموو کەسێکدا بێت. بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنیدا دەبینین هەندێ جار سیاسەت هەڵگری ئەم مانایە نابێت. کەواتە بە پێی تێڕوانینی ئێوە جیاوازی لە نێوان پێناسەی سیاسەت و جێبەجێکرنیدا چییە؟**

- بە مانا گشتییەکەی، دەوترێت سیاسەت پەیوەستە بەوەی چۆن کۆمەڵگەیەکی سیاسی خۆی رێکبخات. لە هەمان کاتدا، وتراوە سیاسەت پەیوەستە بەوەی کێ چی بەدەست دەهێنێت و کەی و چۆن بەدەستی دەهێنێت. دەکرێت ئەم ململانێیە لە نێوان چینەکان، گروپەکان یاخود ناوچەکاندا روودبدات. من پێم وایە جیاوازی نێوان ئەم پێناسانە بەشێك لەو کێشەیە تەفسیر دەکات کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن-سیاسەت گفتوگۆ و تاوتوێکردنێکی جەماعییە لە بارەی بەرژەوەندی گشتییەوە، بەڵام ململانێیەکی پڕ پشێویترە لە نێوان گروپە ناکۆك بە یەکەکان لە میانەی هەوڵدانیان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانیان.

*** لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، سیاسەت لە پرسە محەلییەکانەوە دەست پێدەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە خەڵکی زیاتر بایەخ بە سیاسەتی رۆژانە دەدەن، نەك بەرژەوەندییە نەتەوەیی و گشتییەکان، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن سیاسەتی محەلی بۆ سیاسەتی نەتەوەیی بگۆڕن؟**

- دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بە سیاسەتمەدارێکی ناسراوی ئەمەریکا بکەین، بە ناوی (تیپ ئۆنەیڵ) کە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە چەند ساڵێك پێش ئێستا وتویەتی و بریتییە لەوەی کە «هەموو سیاسەتێك محەلییە». هەرچەندە بە دڵنیاییەوە خۆی سەرکردەیەکی سیاسی نەتەوەیی بوو. من پێشنیار دەکەم کە کەمتر تەرکیز لە سەر ئەوە بکرێت کە لە سیاسەتی محەلییەوە بۆ سیاسەتی نەتەوەیی بگوازرێتەوە، بەڵکو باشترە هانی سیاسەتمەدار و دەنگدەران بدرێت بۆ ئەوەی درك بە پەیوەندی و رایەڵی نێوان سیاسەتی محەلی و نەتەوەیی بکەن و لەبەرچاوی بگرن.

*** کاتێك وڵاتێك دەبێت بڕیاری چارەنووسساز بدات، ئەوا دەبینین کە پارتە سیاسییەکان ئامانجەکانی خۆیان لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا کۆبکەنەوە. کەواتە بەپێی تێڕوانینی ئێوە، چۆن دەکرێت ئەم چوارچێوەیە دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەموولایەك بتوانن بەشداری لە دەرکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا بکەن؟**

- من پێم وایە ئێوە باس لەوە دەکەن کە

دەكرێت هەمان سیاسەت بە چەند ڕێگایەكی جیاواز بخرێتەڕوو، یاخود چوارچێوەی بۆ دابڕێژرێت. ئەگەر مەبەستتان ئەمە بێت، ئەوا من هاوڕام لەگەڵتاندا. جۆرج لاكۆف كارێكی سەرنجڕاكێشی ئەنجامداوە لە بواری چۆنیەتی دارشتنی سیاسەت و پرسی پشتگیریكردنی خەڵك لەو سیاسەتانەی پیادە دەكرێن.

*** لە كۆمەڵگە دیموكراسییەكاندا، تاكەكان گرنگییەكی زۆریان هەیە. لەبەر ئەوەی كۆمەڵگەش پێكهاتووە لە تاكەكان، ئایا بەپێی تێڕوانینی ئێوە، چۆن دەكرێت وا لە تاكەكەس بكەین كە بەرژەوەندییەكانی خۆی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی كۆمەڵگەدا ببینێت؟**

- ئەمە پرسیارێكی قورسە ئەگەر بمانەوێت بە موجەڕەدی وەڵامی بدەینەوە، چونكە دەوەستێتەسەر ئەو سیاسەتەی ئێمە لە بارەیەوە دەدوێین، هەروەها دەوەستێتەسەر سیاقە كۆمەڵایەتییەكەش. لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەكی گشتی، ڕەوایە بڵێین لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراسیدا، كاتێك ئەو ئیختیارە دەخرێتە بەردەم هاوڵاتییان كە بەو شێوەیە دەردەكەوێت كە یان دەبێتە هۆی هێنانەدی بەرژەوەندی كۆمەڵگە یاخود تاكەسەكە ئەوا ئەگەری زیاتر ئەوەیە خەڵكی تەفزیلی بەرژەوەندییە تاكەسییەكانی خۆیان بكەن. بە ڕای من باشترە ئەو سیاسەتانە بخرێنەڕوو كە خزمەت بە هەردوو بەرژەوەندییەكە دەكات. دواتر ئەوە خزمەت بە بەرژەوەندی تاكە كەس دەكات كە لە كۆمەڵگەیەكدا بژێیت بەرنامەی كۆمەڵایەتی بەهێزی تێدا جێبەجێبكرێت، ئەو بەرنامانەش خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵگەكە و تاكەكەسەكان بكات.

*** لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكاندا، یاخود لەو كۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای قۆناغی بە دیموكراسیبووندان، ئێمە دەبینین بەهۆی بەرژەوەندییەكانیانەوە پارتە سیاسییەكان هانی تاكەكەسەكان دەدەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە گشتییەكان لەبیر بكەن. پرسیارەكە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم سیاسەتە ڕاستبكرێتەوە؟**

- لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، هەروەها لە كۆمەڵگەكانی دیكەی ڕۆژئاوادا، ئەو حاڵەتە بەدی دەكرێت كە پارتە سیاسییەكان كار لەسەر بەرژەوەندییە تاكەكەسییەكان دەكەن لە بری بەرژەوەندییە هاوبەشەكان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جار بونیادی سیستەمی هەڵبژاردنەكان كە لە چوارچێوەیدا پارتە سیاسییەكان هەڵدەسوڕێن، هەروەها ئەو ناوچەیەی هەڵبژاردنەكانی تێدا ئەنجام دەدرێن لە كاریگەری ئەم حاڵەتە كەم دەكەنەوە. ئەگەر پارتێكی سیاسی لە ناوچەیەكی دیاركراودا كار بۆ بردنەوەی پۆستێك بكات كە ئەو ناوچەیەش بەسەر چەند پانتاییەكدا دابەش ببێت كە هەر پانتاییەك ناسنامە و بەرژەوەندی دیاركراوی خۆی هەبێت، ئەوا دەبێت ئەو پارتە سیاسییە بەرژەوەندیی هاوبەش بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی كار لەسەر ڕاكێشانی دەنگی هەموو ئەو پانتاییە جیاوازانە بكات كە لەو ناوچەیەدا بوونیان هەیە. من پێم وانییە ئەو بونیادە ببێتە هۆی چارەسەركردنی ئەو كێشەیە، بەڵام هەندێ جار دەبنە فاكتەری یارمەتیدەر. مەسەلە سەرەكییەكە ئەوەیە دەبێت هەم هەڵبژاردنەكان و هەم پرۆسە سیاسییەكان بە چەشنێك دابڕێژرێنەوە كە ئەوانەی ئەمڕۆ من بەرهەڵستیان دەكەم، ڕەنگە لە داهاتوودا ببنە هاوپەیمانم. ئەو كاتە ئەو ئەگەرە كەمتر دەبێتەوە كە من بە چاوی دوژمنەوە لە ركابەركان بڕوانم.

*** لە وڵاتێكی وەك عێراقدا، دەبینین هیچ پێكهاتەیەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەییەكان دەنگ نادات، بەڵكو لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دەنگ دەدەن. كەواتە بەپێی تێڕوانینی ئێوە، چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی ئەم وڵاتە لێكدەدەیتەوە؟**

- پێم وایە ڕەنگە ئەوەی لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێكرد، لێرەشدا سوودی هەبێت. من باوەڕم وایە تاوەكو دەنگدان لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی بێت، ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەكانیش ڕەنگدانەوەی ئەو دابەشبوونانە دەبن.

*** بەپێی لێكدانەوەی ئێوە، لە قۆناغی ئینتیقالیدا، چۆن دەتوانرێت پرۆسە دیموكراتییەكە بەرەوپێشببردرێت و تاكەكانیش بگەڕێنرێنەوە بۆ ئینتیمای نەتەوەیی؟**

- وەڵامەكەی من تێروتەسەل نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت لە لایەكەوە هاوڵاتییان وەك كۆمەڵگەیەك یان قەوارەیەكی سیاسی لە خۆیان بڕوانن، هەروەها ئەوە لەبەرچاوبگرن كە ئاستێكی دیاركراو لە پەیوەندی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، ئەمە پێش ئەوەی پرۆسە سیاسییەكە سەركەوتوو بێت. ئەگەر ئەمە شتێكی مومكین نەبێت، ئەو كاتە پرۆسە دیموكراتییەكە ئەگەری سەركەوتنی نابێت.

**لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، هەروەها لە كۆمەڵگەكانی دیكەی ڕۆژئاوادا، ئەو حاڵەتە بەدی دەكرێت كە پارتە سیاسییەكان كار لەسەر بەرژەوەندییە تاكەكەسییەكان دەكەن لە بری بەرژەوەندییە هاوبەشەكان**



**مارکۆس پرچەس مامۆستای فەلسەفە و مێژوو و شارستانییەکانە لە زانکۆی فیلەندە و پسپۆرە لەسەر فەلسەفەی سیاسەت، سەبارەت بە چەمکی فەلسەفی سیاسەت و پێناسەی سیاسەت وەك پراکتیك، مارکۆس پرچەس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**مارکۆس پرچەس بۆ گوڵان:**

# «پێناسە» و «پیادەکردن»ی سیاسەت نەک هەر تەنها جیاوازن، بەڵکو دەبێت لە سروشتی خۆشیاندا جیاوازبن

*** بە پێی تیڕوانینی ئێوە جیاوازی لە نێوان پێناسەی سیاسەت و جێبەجێکرنیدا چییە؟**

- بە زەحمەت دەتوانرێت «پێناسە» و «پیادەکردن»ی سیاسەت پێکەوە کۆبکرێنەوە. هۆکارەکانیش ئاشکران، یەکەم لەبەر هۆکاری عەمەلی، لەبەر ئەوەی پێناسەکردنی سیاسەت ئاسانترە لە جێبەجێکردنی، هەروەها لەبەر هۆکاری پەیوەست بە پێناسەکردنیەوە، لەبەر ئەوەی «بەرژەوەندی هەموو کەس» دەکرێت بە شێوەی جیاواز لێکبدرێتەوە: لە کاتێکدا هەندێ کەس پێیان وایە کە هەندێ لە سیاسەتمەدارە دیارکراوەکان لە بەرژەوەندی تێکڕای خەڵك کاردەکەن، کەسانێکی دیکە بە توندی ئەمە رەتدەکەنەوە و بانگەشەی ئەوەدەکەن کە هەمان ئەو سیاسەتەمەدارانە لە دژی بەرژەوەندی هاوبەش کاردەکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە «پێناسە» و «پیادەکردن»ی سیاسەت نەك هەر تەنها جیاوازن، بەڵکو دەبێت لە سروشتی خۆشیاندا جیاوازبن.

*** کەواتە چۆن دەتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندی هاوبەشدا ئیدارەی ئەو سیاسەتە جیاوازانە بکرێت؟**

- من دەتوانم ئەوە بڵێم کە روحی دیموکراسیەت بوونی فرەییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت رێساگەلێکی روون دابرێژرێن بۆ رێگە گرتن لەوەی ئەم فرەییە بگۆڕێت بۆ فرەییەکی هەرەمەکی و عەشوائییەت. رەنگە باشترین زەمانەتیش لەم رووەوە بوونی سیستەمێکی دەستووری بێت کە لە لایەن تێکڕای پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەکەوە رێزی لێبگیرێت. لەمبارەوە بیروبۆچوونی جیاواز بوونیان هەیە لە بارەی ئەوەی چۆن بەرژەوەندییە سیاسییە محەلیەکان بگۆڕێن بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەیی یاخود سەر و نەتەوەییش، تاوەکو ئێستا وەڵامێکی سەرتاسەری نەدۆزراوەتەوە بۆ ئەم پرسیارە. لە نێو ئەو بیرۆکانەی کە بە زۆری تەرحکراون بۆ گەیشتن بە هۆشیارییەکی گەورەتر لە بارەی بەرژەوەندی هاوبەش و نەتەوەییەوە، بریتییە لە بە دامەزراوەییکردنی توخمەکانی دیموکراسیەتی راستەوخۆ.

*** کاتێك وڵاتێك دەیێت بڕیاری چارەنووسساز بدات، ئەوا دەبینین کە پارتە سیاسییەکان ئامانجەکانی خۆیان لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا کۆبکەنەوە. کەواتە بەپێی تیڕوانینی ئێوە، چۆن دەکرێت ئەم چوارچێوەیە دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەمووڵایەك بتوانن بەشداری لە دەرکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا بکەن؟**

- لەم رووەوە گرنگە سیستەمێکی دەستووری (دیموکراتی) سەرکەوتوو دابمەزرێنرێت کە لە لایەن تێکڕای پارتە سیاسییەکانی وڵاتەکەوە قبوڵکرابێت و بوار

بە بەشداریکردنێکی گونجاوی تێکڕای گروپە ئایینی و ئیتنییەکان بدات تاوەکو بەشداربن لە دەرکردنی بڕیارەکاندا. لە نێو چوارچێوەیەکی دەستووری مولزیمدا، بڕیارە سیاسییەکان وەك کارێکی یاسایی و مەنتیقی لێیان دەڕوانرێ و دەکرێت وەك کاری تێکڕای نەتەوەکە لێکبدرێتەوە و بە زەحمەت دەتوانرێت بە هۆی رێوشوێنە تاکە کەسییەکانەوە تاکە کەسەکان وا لێبکرێت کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان بڕوانن، بەڵکو ئەم پرسە پەیوەستە بە قوڵکردنەوەی کلتووورە دیموکراسییەکەوە لە مەودای دووردا. لەم سیاقەدا، بە دڵنیاییەوە بوونی تیڕوانینێکی ئیجابی بۆ سیستەمە سیاسییەکە ئەوا ئەنجامی سیاسەتە پیادەکراوەکانیش ئیجابی دەبن.

*** لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا، یاخود لەو کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای قۆناغی بە دیموکراسیبووندان، ئێمە دەبینین بە هۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە پارتە سیاسییەکان هانی تاکە کەسەکان دەدەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکان لەبیربکەن. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم سیاسەتە راستبکرێتەوە؟**

- لەم رووەوە پێشنیارکردنی چارەسەری سادە بۆ ئەم دۆخە کارێکی مەحاڵە. ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتن مەرجی پێویستن، لەبەر ئەوەی گۆڕان بەرەو دیموکراسیەتی راستەقینە نەك رواڵەتی، هەروەها پەرەپێدانی «کلتووری دیموکراسی» هاوشان بەم پرۆسەیە، کاتی دەوێت. لە راستیدا هەرگیز ئەم پرۆسانە کۆتاییان نایەت. لەم رووەوە ئەورووپای رۆژئاوا کار بۆ هێنانەدی بونیادێکی دیموکراتی راستەقینە دەکات، ئەگەرچی تەمەنی دیموکراسیەکەشیان چەند سەدەیەکە، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی بەدەستنەهاتووە.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا، دەبینین هیچ پێکهاتەیەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەنگ نادات، بەڵکو لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دەنگ دەدەن. کەواتە بە پێی تیڕوانینی ئێوە، چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە لێکدەدەیتەوە؟**

- ئەو راستییەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەپێی دابەشبوونی ئیتنی و ئایینیەکان دیاردەکرێت، تەحەددایەکی گەورە بۆ سیستەمە سیاسییەکە دەخولقێنێت. لە لایەکی دیکەوە، مەرج نییە ئەم ئەنجامی هەڵبژاردنانە لە سیستەمەکانی دیکەدا وەك مایەی کێشەی زیاتر یان کەمتر لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە، کەسێك دەتوانێت بڵێت ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکی بەرچاو دروست ناکات ئەگەر دابەشبوونی ئایینی و ئیتنییەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دیاربکەن، یاخود چەند دابەشبوون و کەلێنێکی دیکە لە ناو قەوارە سیاسییەکەدا سەریانهەڵداوە (بۆ نموونە لە نێوان گروپە زمانەوانییە جیاوازەکان، لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان، شار و ناوچە گوندنشینەکان، بیروباوەڕە سیاسییە جیاوازەکان و هتد...) ئەگەر بمانەوێت وەڵامەکانی پێشوو پوخت بکەینەوە، ئەوا پێدەچێت خولقاندنی بناغەیەکی دەستووری پتەو، کە لەسەر ئەم بنەما و بناغەیە سیاسەت دابڕێژرێت، کارێکی بنەڕەتییە. تیڕوانینی ئیجابی بۆ دەستکەوتە سیاسییەکان، کە خۆی لە گەشەکردنی ئابووری، ئیدارەیەکی سەرکەوتوو، بەهێزکردنی سەروەری یاسا، لە نێویاندا زەمانەتکردنی بەشداری چالاکی هاوڵاتییان لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بەرجستە دەکات، لە مەودای دووردا یارمەتیدەر دەبن لە بەهێزکردنی کلتووری دیموکراسی و باشترکردنی گیانی دیموکراسیی و نەتەوەیی.

**روحی دیموکراسیەت بوونی فرەییە**

**ئەورووپای رۆژئاوا کار بۆ هێنانەدی بونیادێکی دیموکراتی راستەقینە دەکات، ئەگەرچی تەمەنی دیموکراسیەکەشیان چەند سەدەیەکە، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی بەدەستنەهاتووە**




**پرۆفیسۆر مارك پاسیان ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی لیڤەربول لەبەریتانیا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ئاسایشی جیهانی و لەماوەی شەڕی ٨ساڵەی ئێران و عێراق لە هەشتاكانی سەدەی رابردوو پرۆفیسۆر پاسیان دیراسەتەكانی لەسەر چۆنیەتی پێدانی چەك بووە لەلایەن رۆژئاوەوە بەعێراق، بۆیە پرۆفیسۆر باسیان نزیكەی ٣٠ ساڵە چاودێری باردۆخی عێراق سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق مارك پاسیان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**مارك پاسیان بۆ گوڵان:**

# دەبێت عێراقییەكان هەوڵبدەن سوننەكانیش ئاوێتەی پرۆسە سیاسییەكە بكەن بۆ ئەوەی هەست بكەن بەرژەوەندی و سەنگیان هەیە لە پرۆسەكە




*** عێراق وەك دەوڵەت ماوەی ٧ ساڵە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی و ئاسایش و سەقامگیری دابین بكات، ئایا پێتوایە ئێستا ئەو توانایەی هەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێكی باشە و لە ڕاستیدا وەڵامێكی ئاسان نییە بۆ ئەم پرسیارە. ئەوەی ئاشكرایە عێراق بۆ ماوەیەكی دورودرێژ ڕووبەڕووی ناسەقامگیری بۆتەوە و دۆزینەوەی چارەسەرێكیش بۆ كێشەكانی ئەم وڵاتە ئاسان نییە. ڕاستەوخۆ دوای شەڕەكەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥یشدا گومان هەبوو لە بارەی ئەوەی عێراق بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە و ئەگەری ئەوەهەبوو بەسەر سێ پێكهاتەكەی وڵاتەكەدا دابەش بێت، بەڵام حاڵی حازر پێدەچێت ئەو یەكگرتوویی و یەكێتییە تا ڕادەیەك هاتبێتەدی، هەرچەندە ئەمە ساڵێكی گرنگ دەبێت بۆ عێراقییەكان بۆ ئەوەی بتوانن سیستەمێكی سیاسی بنیات بنێن كە هەموولایەك هەست بكات نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەكانی دەكات.

*** ئێمە دەزانن وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا عێراق لە ڕژێمی بەعس ڕزگاركرد، بەڵام ئێستا ئێمە هەوڵەكانی گەڕاندنەوەی كۆنە بەعسییەكان بۆ پرۆسە سیاسییەكە بەدی دەكەین و پێدەچێت ئەمەریكاش زۆر گرنگی بەم پرسە نەدات، پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریكا كێشەی نییە لە گەڕانەوەی كۆنە بەعسییەكان بۆچی لە سەرەتاوە ڕژێمی بەعسی ڕوخاند؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە یەكێكە لە تەحەددی و تەنگژەكانی بەردەم عێراقییەكان، مەبەستم ئەوەیە دەبێت عێراقییەكان هەوڵبدەن ڕۆژگاری بەعس و سەدام تێپەڕێنن و لە هەمان كاتدا سوننەكانیش ئاوێتەی پرۆسە سیاسییەكە بكەن بە چەشنێك هەست بكەن بەرژەوەندی و سەنگیان هەیە لە پرۆسەكەدا، چونكە هۆكاری ئەوەی هەندێك لە سوننەكان پتر مەیلیان بەلای لایەنە توندڕەوەكاندا هەیە ئەوەیە كە هەست ناكەن نوێنەرایەتی و پێگەیان هەیە لە پرۆسە سیاسییەكەدا.

*** كاتێكدا ڕەوتی سەدر زۆر بە زەقی گەڕانەوەی بەعسییەكان ڕەتدەكاتەوە بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوا شیعەكان ئەم پرسە بەكاردەهێنن بۆ ڕووبەڕووبنەوەی سوننەكان، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە شیعە و سوننەكان هەرگیز ناتوانن پێكەوەبژین، پرسیارەكە ئەوەیە لەم حاڵەتەدا بەدیل و ڕێگاچارەی دیكە چین بۆ ئەوەی عێراقییەكان بیانگرینەبەر؟**

- لە ڕاستیدا پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەگەری ئەوە هەبوو كە عێراق لەبەریەكهەڵوەشێت و

بەسەر سێ دەوڵەتی بچوکدا دابەش بێت، بەڵام بوونی هەستی ناسیونالیستی لای عێراقییەکان و هەستکردن بە مێژووی هاوبەش هۆکارێکە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم مەترسییەدا. ئەوەش ئاشکرایە کە بەدیلی بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی کە هەموو لایەنەکان لە خۆبگرێت بریتییە لە دابەشکردنی وڵاتەکە، کە من پێم وایە نە ئەمەریکا و نە وڵاتانی ئەوروپا پشتگیری لەم ڕێگاچارەیە ناکەن، چونکە دەبێتەهۆی تێکدانی هاوسەنگی ستراتیژی لە ناوچەکەدا و هۆکارێك دەبێت بۆ هەڵکشانی دەسترۆیشتووی ئێران وەك هێزێکی ئیقلیمی.

*** ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی یەکتر بێت ئایا هەڵبژاردنەکان چ بەرهەمێکیان دەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە، بەڵام لە مەودای نزیکدا چارەسەرێکی ئاسان نییە بۆ ئەم کێشانە، بۆ نموونە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژوی ئەو وڵاتانەی دیموکراسیان بنیاتناوە، ئەوا بە ڕۆژگارێکی دوورودرێژی توندوتیژی و ناکۆکیدا تێپەڕیوون، هەروەها قبوڵکردنی ڕێساکانی گەمەکە لە لایەن تێکڕای لایەنەکان بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ بەدەست دەهێنرێت و ناتوانرێت لە شەو و ڕۆژێکدا ئەمە بەدی بهێنرێت. پێم وایە ئێستا عێراق لە قۆناغی پەرەپێدانی دیموکراسیدایە کە لە پرۆسەی پتەوکردن و چەسپاندنی دیموکراسیدا ڕووبەڕووی چەندین تەحەددی ئەمنی دەبێتەوە.

*** زۆرێك لە شیکەرەوە سیاسییەکان هۆکاری زیادبوونی توندوتیژی بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان دەگەڕێننەوە، بۆ نموونە سعودییە پشتگیری لە سوننەکان دەکات، ئێران لە شیعەکان، واتە ئەم وڵاتانە عێراقییان کردووە بە گۆڕەپانی شەڕی خۆیان، بۆچی ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێت کێشەکانی خۆیان لەسەر حسابی عێراق یەکلابکەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەڵکەوتەو پێگەی جوگرافی عێراق کە پێگەیەکی ستراتیژییە و بوونی سەرچاوەیەکی سروشتی گەورە لەم وڵاتەدا هەموویان بونەتە هۆکاری بەدبەختی عێراق، مەبەستم ئەوەیە بونەتە هۆکاری ئەوەی نەك هەر تەنها دەوڵەتە دراوسێکان بەڵکو دەوڵەتە جیهانییەکانی دیکەش وەك ئەمەریکا و ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپاش هەوڵی بدەن کاریگەربن لە سەر ئەو سیستمە سیاسییەی لە وڵاتەکەدا دروست دەبێت و لەگەڵ ئەو ئایندەیەی عێراقییەکان هەوڵی بنیاتنانی دەدەن، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی بەشێك لە دەستکەوتی ئابووری لەو وڵاتەدا.

*** لە لایەکی دیکەوە چەندین کێشەی چارەسەرنەکراو و هەڵپەسێردراو لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- بۆ چاودێرە دەرەکییەکان ڕوونە کە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی ئەمنی باشتردایە، هەروەها لە ڕووی گەشەکردنی دیموکراسیشەوە لە پێشترە، تەحەددا و دژوارییەکانی بەردەم کوردەکان ئەوەیە بتوانن پەیوەندییەکی پتەو و سەرکەوتووانە لەگەڵ هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکەی دیکەی عێراق بنیات بنێن، کە ئێمەش دەزانین خەڵکی کوردستان لە ئاست ئەم ئەرکەدا دەبن و توانای دروستکردنی ئەم پەیوەندییەیان هەیە.

*** واتە بێ پاڵپشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش عێراقییەکان دەتوانن بەردەوامبوون لەسەر بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا؟ یاخود ئایا لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟**

- من پێم وایە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا پێش ئەوەی عێراق لە دۆخێکی ئەمنی سەقامگیردا بێت و پێش ئەوەی دیموکراسییەت لە وڵاتەکەدا جێگیربووبێت، خزمەت بە عێراقییەکان ناکات و پرۆسە دیموکراتییەکەش دەخاتە مەترسییەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە سیاسەتی یاخود بڕیاری ئیدارەی ئەمەریکا بۆ کشاندنەوەی هێزەکان پەیوەست نییە بە بارودۆخ و پرسی سەقامگیری عێراقەوە، بەڵکو پتر ڕەنگدانەوەی حساباتە سیاسییە ناوخۆییەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا، من پێم وایە لە دوای کشانەوەش ئەمەریکا بەشێك لە هێزەکانی لە دەرەوەی شارەکاندا دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی دەستێوەردانی خێرا ئەگەر هاتوو هێزە ئەمنییەکانی عێراق داواکارییەکی لەم چەشنەیان هەبوو. هەرچۆنێك بێت پێشبینی ئەوە دەکرێت دۆخە ئەمنییەکە بەرەو خراپتر بچێت ڕاستەوخۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەدا.

*** ئایا پێشبینی دەکەیت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا ڕوویدات بە چەشنێك سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی؟**

- ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە ئەوەیە کوردەکان توانیویانە پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ شیعەکاندا دروست بکەن، یاخود دەتوانین بڵێین پتر پەنایان بۆ گفتوگۆ بردووە لەگەڵ یەکدا، لەبەر ئەوە ئەگەر گرژی و ئاڵۆزیش دروست بێت ئەوا پێشبینی ناکەم بە هەمان ئاستی گرژی و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننەکان بێت. هەرچۆنێك بێت، من پێم وایە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە و ڕەنگە پێویست بکات دوای کشانەوەی ئەم هێزانە دووبارە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵ ببینێت لە عێراقدا، هەرچەندە لە ڕوانگەی چەند ئەزموونێکەوە دەتوانین بڵێین بڵاوکردنەوەی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگاچارەیەکی کارا نییە بۆ کۆنترۆڵکردن و پاراستنی بارودۆخەکە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ناکۆکی و توندوتیژی لە وڵاتەکەدا سەرهەڵدەدات، هەروەك ئەوەی لە ئەزموونی بەلقاندا بەدیمان کرد.

*** چۆن بارودۆخی کوردستان دەبینیت؟ هەروەها لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەمەریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکادا و کاریگەرییەکی ئەو سەردانە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردستان؟**

ئەوە ئاشکرایە کە ئیدارەی ئەمەریکا هەوڵ ئەدات لەگەڵ سەرکردەی تێکڕای لایەنەکانی عێراقدا کۆببێتەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بدەن بۆ کێشەکانی وڵاتەکە، کە ڕەنگە بارزانی باشترین کەسێك بێت لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە ببینێت.

*** ئێمە دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕێی عێراق دەکات، ئەگەر شیعەکان تەنها دەنگ بە لایەنە شیعەکان بدەن و سوننەکانیش بە پارتە سونییەکان و کوردەکانیش بە هەمان شێوە تەنها بە لایەنە کوردییەکان؟**

ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت کە ئەگەر عێراقییەکان خوازیاری ئەوەن دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا بنیات بنێن، ئەوا دەبێت سیستمێکی سیاسی پێکبهێنن کە تێکڕای لایەن و پێکهاتەکان هەست بکەن نوێنەرایەتیان هەیە تێیدا و سەنگ و پێگەی خۆیان لە سیستمەکەدا ببینەوە، بە پێچەوانەوە دوورخستنەوەی هەر لایەنێك ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی پەنابردنیان بۆ توندوتیژی و تیرۆر و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دابەش بوونی وڵاتەکە.

**ئەمە ساڵێکی گرنگ دەبێت بۆ عێراقییەکان بۆ ئەوەی بتوانن سیستمێکی سیاسی بنیات بنێن کە هەموولایەک هەست بکات نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی دەکات**

**هۆکاری ئەوەی هەندێک لە سوننەکان پتر مەیلیان بەلای لایەنە توندڕەوەکاندا هەیە ئەوەیە کە هەست ناکەن نوێنەرایەتی و پێگەیان هەیە لە پرۆسە سیاسییەکەدا**

**پرۆفیسۆر تیمۆسی لینچ بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە لە زانکۆی لەندەن و یەکێکە لەو شرۆڤەوانانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بەردەوام پەیوەندی پێوەدەکەم، بۆقسەکردن لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق وئایندەی سیاسیی عێراق پرۆفیسۆر لینچ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**تیمۆسی لینچ بۆ گوڵان:**

# هێزەکانی ئەمریکا لە ماوەیەکی کورتدا لە عێراق ناکشێنەوەو ئەو بانگێشانەشی هەن هیچ بنەمایەکیان نییە

*** ئەگەر سەرەتا بەوجۆرە پرسیار بکەین ئایا ئەو هۆکارانە چین کە ڕێگرن لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، ئایا پیتوایە ئەو هۆکارانە ئێستاش هەر هەن؟**

- ئێمە دەزانین کە عێراقییەکان باجی ئەدای خراپی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیاندا، کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە خرایەگەڕ، کە ئەمەش نەك هەر بووە هۆی لەناوبردنی ژیانی خەڵکێکی زۆر لە عێراقدا، بەڵکو لە هەمان کاتدا هۆکارێك بوو بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری و سەرنجام دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی تائیفی، هەرچۆنێك بێت ئێستا بارودۆخی عێراق باشترە بە بەراورد بە چەند ساڵی رابردوو، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە شایستەی ئەوەبوو ئەو هەموو خوێنەی بۆ بڕێژرێت، مەبەستم ئەوەیە ئەزمونی ئەمەریکا لە بواری ئاوەدانکردنەوەی هەردو وڵاتی ئەڵمانیا و یابان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو دوو وڵاتە بە بارودخێکی زۆر سەختدا تێپەڕین، بەڵام سەرنجام بوون بە دوو وڵاتی دیموکراسی زۆر گرنگ لە جیهاندا کە هیوادارین عێراقیش بە هەمان دەرئەنجام بگات.

*** ئێمە دەزانن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا عێراق لە ڕژێمی بەعس ڕزگارکرد، بەڵام ئێستا ئێمە هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی کۆنە بەعسیەکان بۆ پرۆسە سیاسیەکە بەدی دەکەین و پێدەچێت ئەمەریکاش زۆر گرنگی بەم پرسە نەدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریکا کێشەی نییە لە گەڕانەوەی کۆنە بەعسیەکان بۆچی لە سەرەتاوە ڕژێمی بەعسی ڕوخاند؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەو حەقیقەتەمان لەبەرچاوبێت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتر پاڵپشتی هێنانەدی و چەسپاندنی سەقامگیری دەکات و ئێمەش دەزانین هەم عێراقییەکان و هەم ئەمەریکیەکان باجێکی گەورەی ئەو ناسەقامگیرییەیاندا کە لە وڵاتەکەدا دروست بوو، لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی ئەمەریکا ئەوەیە لە مەودای نزیکدا سەرکردەیەك یان سەرۆکێکی بەهێز لە عێراقدا دەربکەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت یەکگرتویی و یەکێتی وڵاتەکە بپارێزێت

و سەقامگیری بهێنێتەدی و دواتر لەو هەلومەرجە سەقامگیرەدا هەوڵ و هەنگاو بدرێت بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی دیموكراسی.

*** زۆرێك لە چاودێران هۆكاری هەڵكشانی توندوتیژییەكان بۆ نزیكبوونەی وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكان دەگەڕێننەوە، ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ڕەتكردنەوەی یەكتر بێت ئایا هەڵبژاردنەكان چ بەرهەمێكیان دەبێت؟**

- من پێم وایە دەبێت شیكردنەوەو لێكدانەوەی ئێمە بۆ ئەم پرسە بەو شێوەیە بێت كە ئەگەر دەوڵەتێك لە عێراقدا دروست بوو كە پتر دۆستی دوژمنە گەورەكانی ئەمەریكا بێت لە تەهراندا ئەوا دەبێت سیاسەتی ئەمەریكا بە سیاسەتێكی شكستخواردوو بێئاكام لە قەڵەم بدەین، هەر لەم ڕوانگەیشەوە دەبێت لە تەفزیلكردنی لایەنێكی دیاری كراو لە لایەن ئەمەریكا بڕوانین، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە دروست بێت هەوڵی ئەمەریكا بۆ نزیكبوونەوە لە سوننەكان بۆ دروستكردنی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵیاندا بە شتێكی لۆجیكی بزانین، لەبەر ئەوەی ئامانجێكی لەم چەشنە لەگەڵ ئەو شیعانەدا نایەتەدی كە پتر بەلای دۆستایەتیكردنی ئێراندا دایەدشكێنن.

*** ئەوە ئاشكرایە كە ئەمەریكا چاوەڕوانیێكی زۆری هەیە لەم هەڵبژاردنانەی بڕیارە لە عێراقدا ئەنجامبدرێن، پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە نەبوونەهۆی چارەسەركردنی كێشەكان و هێنانەدی سەقامگیری، ئایا ئەمەریكا پێداگیری لەسەر كشاندنەوەی هێزەكانی دەكات لە عێراقدا؟**

- نەخێر، من باوەڕم وایە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ لە عێراقدا دەمێنێتەوە، ڕەنگە بۆ چەند دەیەیەك لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، بۆ نموونە لە ڕابردوودا و بە دیاریكراوی لە ساڵی ١٩٥٣ یاخود بە ماوەیەكی كەمتر دوای ئەو وادەیە ئەمەریكا لە كۆریادا پاشەكشەی بكردایە، بەڵام ئێمە دەزانین هێشتا بوونی سەربازی ئەمەریكا لەو وڵاتەدا هەیە و ئەركی ئاشتیپارێزی لە ئەستۆیە. لە لایەكی دیكەوە من لەو باوەڕەدام كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لەم ساتەوەختەدا كێشەگەلێكی زیاتر بۆ ئەمەریكا دەخوڵقێنێت، كەوات بە تێڕوانینی من ئەوە خیتاب و بانگەشەیەكی بەتاڵە كە باس لە كشانەوەی ئەمەریكا دەكات لە عێراق لە ماوەیەكی كورتدا.

*** زۆرێك لە شیكەرەوە سیاسییەكان هۆكاری زیادبوونی توندوتیژی بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێكان دەگەڕێننەوە، بۆچی ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێت كێشەكانی خۆیان لەسەر حسابی عێراق یەكلابكەنەوە؟**

- من پێم وایە لە بەشێكیدا بەرپرسیارێتییەكە دەكەوێتە ئەستۆی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، لەلا یەكی دیكەوە دەكرا یاخود ئەگەری ئەوە هەبوو توندوتیژییەكە خراپتر بێت لەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا بەدیمان كرد، بەڵام ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە ئاستی ئەو توندوتیژی و كوشتارە بەرەو كەمبوونەوە و داكشان چووە.

*** لە لایەكی دیكەوە چەندین كێشەی چارەسەرنەكراو و هەڵپەسێردراو لە نێوان حكومەتی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا هەیە كە زۆرجار دەكرێنە بیانوویەك بۆ پێشێلكردنی مافەكانی ئەم هەرێمە، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە چیە بۆ چۆنیەتی چارەسەركردنی ئەم كێشانە، یاخود ئایا ئێوە گەشبینن بە چارەسەركردنی ئەم كێشانە لە نێوان ئەم دو حكومەتەدا؟**

- ئێوە خۆتان باشتر دەتوانن شیكردنەوەیەكی دروستر بۆ واقیعەكە بكەن لەبەر ئەوەی خۆتان زیاتر نزیكن لە باروودۆخەكەوە، ئەوەندەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە كە لە ناو ئەمەریكییەكاندا ئیعجابێكی زۆر بەو دەستكەوتانەی هەرێمی كوردستان هەیە كە توانیویەتی بەدەستی بهێنێت و هەندێ جار ئومێدی ئەوە دەكرێت ئەمە ببێتە مۆدێلێك و لە بەشەكانی دیكەی وڵاتەكە جێبەجێ بكرێت، لە لایەكی دیكەوە ئومێدی ئەوە دەكرێت كە كێشەی كورد لە وڵاتی توركیاشدا بەرەوپێشچوون بەخۆوە ببینێت، لەبەر ئەوەی كێشەی كورد لە عێراقدا كێشەیەكی دابڕاو نییە لە جیوپۆلەتیكی ناوچەكە.

*** ئایا ئەگەر پێشبینیەكانی زیادبوونی توندوتیژی بەهۆی نزیكبوونەوەی هەڵبژاردنەكانەوە بێتەدی ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك زیان بە سیاسەت و بەرژەوەندیەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەگەیەنێت لە عێراقدا؟**

- ڕەنگە ئەگەر دەرئەنجامی دەنگدان و هەڵبژاردنەكە بنەهۆی سەرهەڵدان و هەڵكشانی توندوتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا وەك سیاسەتێكی سەرنەكەوتوو لە قەڵەم بدرێت، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئایا بەدیل چیە؟ یاخود ئایا ئەمەریكا دەتوانێت چ كارێكی دیكە ئەنجام بدات؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنەكە بوونەمایەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی چارەسەرەكە ئەوەیە دەست لە هەوڵەكانی هێنانەدی و چەسپاندنی دیموكراسی هەڵبگرین؟

*** هەفتەی ڕابردوود جێگری سەرۆكی ئەمەریكا سەردانی عێراقی كرد و لەگەڵ تێكرای لایەنەكاندا كۆبوونەوەی ئەنجامدا، بەڵام دواتر ڕاگەیاندنەكان باسی ئەوەیان كرد كە مەسەلەی بڕیاردانی بۆ عێراقییەكان خۆیان جێهێشتووە، پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریكا خوازیاری بەشدری كردن نییە لە چارەسەركردنی كێشەكانی عێراقدا بۆچی لە كاتی دروستبوونی هەر كێشەیەكدا دێنە عێراق و بۆچی هێشتا هێزەكانیان لە عێراقدایە؟**

ئەوە ڕاستە، بەڵام منیش ئەم پرسیارە دەكەم بۆچی تا ئێستا هێزەكانی ئەمەریكا ئەڵمانیا و یابان و ئیتاڵیا و بەلجیكایان جێنەهێشتووە؟ وەڵامەكە ئەوەیە بەشێكی سەقامگیری ئەم وڵاتانە دەوەستێتەسەر بوونی هێزەكانی ئەمەریكا لەو وڵاتانەدا، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەمەریكا بۆ ماوەیەكی زیاتر لە عێراقدا دەمێنێتەوە و لە ڕاستیدا بوونی هێزەكانی ئەمەریكا هۆكارێك بووە بۆ پاراستنی سەقامگیری عێراق زیاتر لەوەی دركی پێكراوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من بە حەزەرەوە گەشبینم، هەروەها من ڕێزێكی زۆرم هەیە بۆ ئەزموونی هەرێمی كوردستان و هیوادارم بتوانرێت ئەم ئەزموونە لە بەشەكانی دیكەی عێراقدا جێبەجێ بكرێت و لە ڕاستیدا نیگەرانی من ئەوەیە نەتوانرێت لە بەشەكانی دیكەی وڵاتەكەدا دووبارە بكرێتەوە.

وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ لە عێراقدا دەمێنێتەوە، ڕەنگە بۆ چەند دەیەیەك لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە

ئەگەر پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنەكە بوونەمایەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی چارەسەرەكە ئەوەیە دەست لە هەوڵەكانی هێنانەدی و چەسپاندنی دیموكراسی هەڵبگرین؟